# کرۆنۆلۆگی کوردستان









وەرگێڕان و نووسینی نادر فەتحی بۆکانی (شوانە)
بانەمەرەی٢٧٠٣

## پێش گووتن

گەڕان بە ناو مێژوودا بۆ ڕاستکردنەوەی مێژووی کورد کارێکی دژوار و فرەکەسییە و دەبێ دام و دەزگای تایبەتی بۆ سازبکرێ، سەرەڕای ئەوە، تاکەکان و کۆمەڵە کەسانیش بە پێی ئیمکانات و لێزانیان دەبێ بۆ وڵامدانەوە بە پرسیارەکانی مێژوویی ئاوڕ لەم مێژووە ئاڵۆزە بدەنەوە. من حەولێکی تاکە کەسیم داوە بۆ کۆکردنەوەی سەرچاوی مێژوویی لە مەڕ مێژووی کورد و شارستانیەتی مێزۆپۆتامیا لە دەهەزار ساڵ بەر لە ئێستاوە هەتا ئەمڕۆ. سەرچاوەکان بە زمانی ئاڵمانی بوون و لە ئینتێرنێتەوە وەرگیراون. بەشێک لە لێکۆڵینەوەکان کاری کۆمەڵێک خوێندکاری کوردی زانستگاکانی ئاڵمانە،کە بە ناوی ڕێکخراوی خوێندکارانی کوردی زانستگاکان لە ئینترنێتدا بڵاویان کردۆتەوە.

بۆ روون کردنەوەی مێژووی کوردستان دەبێ مێژووی خەڵکەکانی دەوروبەریش هەر لێرەدا باس بکرێ, لە بەرئەوەی مێژووی کوردستان پێوەندی ڕاستەوخۆی بەو میللەتانەوە هەبووە! من زۆربەی ناوەکانمان بە ئاڵمانی هێناوە و ڕەنگە پسپۆران ئاگاداری هاوناوە کوردیەکان بن کە لە ناو زمان ومێژووی کورد دا چەسپاون و باوەڕپێکراون, سپاسیان دەکەین ئەگەر لە گۆڕینی ناوەکان بۆ سەر زمانی کوردی هاریکاریم بکەن. ئەم بابەتە پێشتر وەک زنجیرە وتار لە ماڵپەڕی بۆکان،ڕۆژهەڵات دا www.rojhalat.de بڵاوکراوەتەوە.

باوەشی من ئاواڵەیە بۆ لە ئامێزگرتنی هەر چەشنە بۆچوون و ڕەخنە و پێشنیارو ڕاستکردنەوە و لێ زیادکردنێک.

نادر فەتحی بۆکانی     بانەمەڕەی ٢٧٠٣

## پێرست:

پێکهاتنی شارستانیەت لە مێزۆپۆتامیا (لاپەڕە ٤)

پێکهاتن و لاچوونی دەستەڵاتی مادەکان (لاپەڕە ١٤)

هێرشی عەرەب و ئیسلام و بەرگریکردنی کوردەکان (لاپەڕە ١٩)

هێرشی تورکەکان و مەغوولەکان بۆ رۆژهەڵاتی نزیک (لاپەڕە ٢٣)

داگیرکردنی کوردستان لە لایەن دووهێزی گەورەی عوسمانی و سەفەویەوە (لاپەڕە ٢٩)

شەڕی یەکەمی جیهانی و دابەشکردنی کوردستان بۆجاری دووهەم (لاپەڕە٤٠)

سەرهەڵدانی کوردەکان دژ بە حاشالێکردنی نەتەوەیی و بۆ ئازادی (لاپەڕە٤٧)

شەڕی دووهەمی جیهانی و کوردستان (لاپەڕە ٥٣)

دەستپێکردنەوەی بەرگری کوردان دوای شەڕی دووهەمی جیهانی (لاپەڕە٥٨)

جووڵانەوەی ئازادیخوازی لە کوردستان (لاپەڕە ٦٣)

# پێکهاتنی شارستانیەت لە مێزۆپۆتامیا

## ١٠٠٠٠ ساڵ پیش زایین

(Neolithische Revolution) [شۆرشی نیئۆلیتیک] لە سەر زەوی پڕ پیت و بەرەکەتی ئەو سەردەمە, هەوەلین شارستانیەتی کشت و کاڵ و ماڵاتداری (گاو مانگا) پێکهاتووە و وردە وردە ئینسانەکان لە جێیەکی تایبەت نیشتەجێ بوون و دێ و شارەکان و جیگای نیایشیان پێک هێناوە. بە پێی ئەو بەڵگانەی کە لەدەست دایە ئەم شارستانیەتە بۆ هەوەڵین جار لە ناوچەی Urfa/Riha (رەها/ ئورفە)بینراوە !

## ٨٥٠٠ ساڵ پیش زایین

هەوەڵین بەڵگەی زانستی کۆنەناسی کە لەسەر کشت وکاڵ دۆزراوەتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ٨٥٠٠ساڵ بەر لە زایین! یەکەمین ئاژەڵ وجانەوەری ناسراو لەم دەورەدا مەڕ و بزن و سەگ بوون .

## ٦٠٠٠ ساڵ پیش زایین

هەوەڵین ئاودانی کشت وکاڵ بە شێوەی مودێرن لە باشوری کوردستان(هەڵەبجە) بیندراوە و لە لایەن زانایانەوە سەلمێندراوە.

## ٣٠٠٠ ساڵ پێش زایین

یەکەمین گرووپی مێژوویی شارستانیەتی ئینسانی بە نیوی سومەر Sumerer لە مەڵبەندی مێزۆپۆتامیا (Mesopotamien) [ناوچۆمان]لە شاری Uruk پێک هاتووە !

Sumerer سومەرە کان لە داوێنی شاخەکانی زاگرۆسەوە هاتوون و تا ڕووخانی Akkader [ئاکادییەکان](ساڵەکانی ٢٤٠٠ پێش زایین) بە شیوەی شاروچکە و شارەکانی خودمختار ژیاون.

ئینسانەکانی ئەوکاتە کەڵکیان لە برونز وەرگرتووە. هەوەڵین خەت کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا پێی نووسراوە خەتی Keil [بزماریی]بووە و Sumerer سومەرە کان کەڵکیان لێ وەرگرتووە .

لە زاگرۆس و ناوچەی Osttaurus [ئاراراتی بچووک]ڕەگەزگەلی هیند و ئورووپیی بە نێوەکانی [گوتی] , Gutar, Lulubaer [ لولویی]و ... دینە سەر ماسەی مێژوو کە بنەچەکیان زۆر لە یەک نزیك بووە . ئەوانە هەر ئەو قەومانەن کە دوای تیپەربوونی سەدان ساڵ بوونەتە قەومگەلی[هورریی – میتانی] Hurri-Mitanni ئورارتو Urartu, [کاسیییەکان/کاسیتەکان]Kassiten, Nairi [نایری]Meder, (مادەکان) کە پێوەندیان لە گەڵ کوردەکانی ئەوڕۆدا زۆر نزیکە. لە راستیدا کورد بە میراتگری تەواوی ئەو قەومانە کە بە درێژایی مێژوو هاتوون و چوون دەژمێردرێ و لە ژێر کارتێکردنی کولتوری ئەواندا بووە.

### ٢٧٠٠ / ٢٨٠٠ ساڵ پیش زایین

لە سەردەمی دەستەڵاتی Sumerer[سومەرییە] کاندا تراژێدی [گیل گەمیش] Gilgamesch پێک دێ کە باس لە پێوەندی نیوان مێزۆپۆتامیا (Mesopotamien) و دەوڵەتەکانی داوێنی شاخەکانی زاگرۆس دەکا . ئەو تراژیدیە یەکێ لە کۆنترین ئاسەواری ئەدەبی مرۆڤایەتیە. بابلییەکان و میللەتەکانی دیکەش لە بەینی ساڵەکانی ١٢٠٠ تا ١٩٠٠ ی پیش زایین لە رویان نووسیوەتەوە.

### ٢٤٠٠ ساڵ پیش زایین

لەجەزایری باشوری عەرەبەکانەوە (سودانی ئەورۆ) [ئاکادییەکان] Akkader کان بە سەر Sumerer سومەرە کاندا زاڵ دەبەن و خاکەکەیان داگیر دەکەن .

### ٢١٥٠/٢٠٥٠ ساڵ پیش زایین

Gutär [گوتییەکان] کە لە داوێنی شاخەکانی زاگرۆسەوە هاتبوون , بە هاوکاری میللەتەکانی دیکەی ئەو ناوچەیە بەرەنگارێکی باش دژ بە Akkader[ئاکادییە] کان دەکەن و ئەوان تێکدەشکێنن و زیاتر لە سەد ساڵ لە مێزۆپۆتامیا (Mesopotamien) حکومەت دەکەن .

### ٢١١٣-٢٠٠٥ ساڵ پیش زایین

بۆ ئاخرین جار Sumerer سومەرە کان لە باشوری مێزۆپۆتامیا (Mesopotamien) حکومەتێک پێک دێنن کە ساڵی ٢٠٠٥ لە لایەن (Elamiten)[عیلامیە] کانەوە کە لە

زاگرۆسەوە هاتبوون تێکدەشکێن و ئەوانە تا ١٩٨٠ حکومەتی ئەو ناوچەیە بەدەستەوە دەگرن .

### ٢٠٥٠ ساڵ پیش زایین

(Akkader) ە کان Gutär ییەکان راوەدەنین و دەگەڕێنەوە بۆ نیوەراستی مێزۆپۆتامیا (Mesopotamien).

### ٢٠٠٠ ساڵ پیش زایین

Sumerer سومەرە کان لە بەردەنووسەکاندا دەنووسن کە لە دوو شاری[کەردە Karda] و Qurti [قورتی]لە شاخەکانی زاگرۆسەوە هاتوون .

ئاسوریە کان هەوەڵین حکومەتی خۆیان پێک دێنن (دەوڵەتی کۆنی ئاسوری) . لەو وەختانەدا لە ناوچەی ئاناتۆلییەوە هەتا دەگاتە مێزۆپۆتامیا (Mesopotamien) تیجارەت بڕەوی هەبوە. بەم چەشنە بۆ جاری یەکەم تیجارەت لەو دەورەدا دەست پێدەکات.

### ١٩٨٤ ساڵ پیش زایین

بابلییەکان دەبنە فەرمانڕەوای باشور و نیوەراستی مێزۆپۆتامیا (Mesopotamien) و ئەو حکومەتە لە ژێر ناوی ١٧٩٢-١٧٥٠ Hammurabiدا دەگاتە ئەو پەری دەستەڵاتی خۆی و قانونی Hammurabi [حەمورابی]دادەمەزرێ کە هەوەڵین سیستمی قانونی پێک دێنێ.

## ١٩٠٠/١٨٠٠ ساڵ پیش زایین

Hurriter [حورییه]ەکان لە رۆژهەڵاتی شاخەکانی Taurus [ئاراراتی گەورە] وە کە ئەورۆ Botan [بۆتان]ی ناوە، هاتبوون، لەپرێکدا حکومەتی خۆیان پێک دێنن .

## ١٦٠٠ ساڵ پیش زایین

فەرمانروایی Hurri – Mitanni [هوری- میتانی]لە سەروی مێزۆپۆتامیا (Mesopotamien) [ناوچۆمان]پێک دێ کە باکوری ئەورۆی کوردستان دەگرێتەوە .

قەومی Kassiten [کاستیەکان]کە لە زاگرۆسەوە هاتبوون باشوری[بابلیەکان] (Babylonien) داگێردەکەن و زیاتر لە چوارسەدساڵ بە دەسکەوتێکی باشی فەرهەنگییەوە بە دووقوڵی لە گەڵ بابلییەکان حکومەت دەکەن .

## ١٢٠٠ ساڵ پێش زایین

بەو هویانەی خوارەوە قورسایی دەستەڵات لە ناوچەکە تێک دەچی:

١. خەلکەکانی پەنا زێکانی Mittelmeer [دەریای ناوەراست] بەرەو ناوچەکە دێن!

٢. بەهێز بوونی ئاسوریەکان لە ناوچەکە!

٣. کپ وکرمانەوەی حکومەتەکانی ناوچە!

دوای لەبەین چوونی دەوڵەتیHurii-Mitanni لە شاخەکانی زاگرۆس وOsttaurus وە, کونفدراسیونی Nairi پێک دێ. کە لەوێدا دوو رەگەزی Hurriter و Kassiten(کە پاش ساڵی ١٢٠٠ پێش زایین بەشیکیان گەرانەوە بۆ شاخەکان )بەشدار بوون.

## ١١٠٠-١٢٠٠ ساڵ پێش زایین

ئاسورەکان حکومەتی ئاسوری پێک دێنن و لە رۆژهەڵاتی-نزیک زۆر زوو دەستەڵات دەگرن. لە باکور و رۆژئاوای کویستانەکان گەلێک شەڕی قورس وگران ساز دەکەن!

لە کۆتایی ١١٠٠ پێش زایین ئاسورەکان بەهۆی Aramäer [ئارامییە]ە کانەوە زۆر کز دەبن و ئەوە دەبیتە هۆی ئەوە کە خەلکانی نیشتەجێی کویستانەکان وردە وردە هێزبگرنەوە.

## ١٠١٢ ساڵ پێش زایین

دەوڵەتی ئیسراییل لە فەڵەستین پێک دێ و دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەو ناوچەیە بە دوو بەشی Israel وJudäa [جولەکە؟]دابەش بکرێ. ئەو دەوڵەتە بە دوو هێرشی گەورە لە ساڵی ٧٢٢ و ٥٨٧ پێش زایین لە لایەن ئاسورەکان و بابلییەکانەوە دەروخێ و لە ناودەچێ و ئیسراییلیەکان دەبنە بەردە, کە لە ساڵەکانی ٦١٢ پێش زاییندا بە هێرشی مادەکان بۆ سەر ئاسورەکان و تێکشکاندنیان ئیسراییلیەکان ئازاد دەکرین!

**٩٠٠-١٠٠٠ ساڵ پێش زایین**

لە رۆژهەڵاتی ئەورۆی کوردستان مادەکان حکومەتی خۆیان پێک دێنن. مادەکان دژبە ئاسورەکان رادەوەستن و وردە وردە بەهێزتر دەبن! هەوەڵین بڵگەی مێژوویی مادەکان لەلایەن ئاسورەکانەوە دیتراوە کە دەڵێن مادەکان پایەتەختەکەیان لە Egbatana هەمەدانی[ئەکباتان] ئەورۆ بووە, ٨٣٥ پێش زایین. مادەکان زیاتر لە سێ سەدساڵ دژبە ئیمپراتوری بەردەداری ئاسورەکان راوەستاون و بەربەرەکانیان کردوون!

بە پێی دوایین لێکۆڵنەوەی شوێنەوارناسی فارس "ئیحسان یەغمایی" کە لە ساڵی ٢٠٠٦ دا رایگەیاند، "هیگمەتانە" پێتەختی مادەکان نییە و بەڵکوو "قەلایچی بۆکان " پێتەخت بووە. [وەرگێڕ]

**سەرەتای ٩٠٠ پێش زایین**

حکومەتی تازەی ئاسوریەکان چ لە لایەنی نیزامی و چ لایەنی سیاسی بەهێز دەبن و زۆربەی ناوچە کویستانیەکان دەگرنە ژێر دەستەڵاتی خۆیان!

Manni [مانناییەکان] لە باکوری شاخەکانی زاگرۆسەوە حکومەت پێک دێنن!

حکومەتی Urartu لە پەنا زێی وان دروست دەکرێ و حکومەتی پێشوی ئەو ناوچەیە بە نێوی Nairi دەکەوێتە ژێر فەرمانی دەستەڵاتی ئوراتۆ. لێکۆڵینەوەکانی زانستی کە لە سەر Urartu ەکان کراون, نیشانی دەدەن کە وێچوونێکی زۆر لە

لایەنی زمان و چونییەتی ژیان و جوگرافیا وە لە نێوان ئۆرارتۆکان و Hurriter ەکان هەبوە.

شاهانی Urartu ئەوانە بوون :

Sardur I. ٨٤٠-٨٣٠

Ischpuini ٨٣٠-٨٢٠

Menua ٨١٠-٧٨٥

Argischti I. ٧٨٥-٧٦٠

Sardur II. ٧٦٠-٧٣٠

[روسا]Rusa I. ٧٣٠-٧١٣

لەو شایانە بەڵگەی کەم بەدەستەوەیە :

Argischti I., Rusa II., Rusa III., Sardur III., و Sardur IV. .

**٧٤٠-٨١٠ ساڵ پێش زایین**

ئاسوریەکان خۆیان دوبارە بەهێز دەکەنەوە و بەسەر ئۆرارتۆکاندا زاڵ دەبنەوە و دەبنە زۆرداری رۆژهەڵاتی ناوەراست. ئیمپراتووریەکەیان لە میسرەوە هەتا نیوەراستی ئاناتۆلی گرتۆتە ژێر فرمانی خۆی!

## ٧٠٠ ساڵ پێش زایین

لە باشوری ئاناتۆلییەوە دوو دەوڵەتی[لیدی] Lyder و Phryger پێک دێن!

## ٦٥٠ ساڵ پێش زایین

لەو کاتەدا زۆربەی ئەو وڵاتانە دەکەونە ژێر دەستەڵاتی ئیمپراتوری ئاسوریەکان, تەواوی Mesopotamien , زاگرۆس, باشور و ناوەراستی ئاناتۆلی, فەلەستین, سوریە, میسر و Mittelarabisch Halbinsel [نیوە دورگەی عەرەبستانی ناوەندی؟].

## ٦٣٠ ساڵ پێش زایین

زەردەشت (فیلسوف و Reformator ) لە ماد لە دایک دەبێ, باوەری بە ئاهورامەزدا[تاک پەرەستی, یەک خودایی] (monotheistische Glauben) و (Dualismus)[دووانە پەرەستی, دووپەرەستی] بووە . ژیان بۆ زەردەشت شەرێکی بەردەوام بووە لە بەینی چاکە و خەراپە, راستی و درۆ و رۆشنی و تاریکی دا!

زەردەشتی ئایینی ئەسلی کوردەکان و فارسەکان بووە!

(ئەوەی زەردەشت لەو ساڵەدا لە دایک بووبێ جێگای گومانە, لە بەر ئەوە لە سەر چاوەکانی تردا هاتووە کە زەردەشت دەبێت ٢٧٠٠ساڵ بەر لە زایین لە دایک بووبێت, لە گەلێک سەرچاوەی تردا نێوان ٦٠٠ هەتا هەزار ساڵ بەر لە زایین بۆ لە دایک بوونی زەردەشت دیاری کراوە[ وەرگێر])

## ٦٢٦ ساڵ پێش زایین

حکومەتی نوێی بابلیەکان لە باشوری مێزۆپۆتامیا Mesopotamien پێک دێ.

## ٦٢٠ ساڵ پێش زایین

Skyther [سکیتەکان,سەکاکان] لە قەفقازەوە دێن بەرەو رۆژهەڵاتی ناوەراست. لە ناوچوونی حکومەتی ئۆرارتۆکاندا دەستیان هەبووە و فشارێکی زۆریشان بۆ مادەکان هێناوە. دوای چەندساڵێک لە مەیدان دەچنە دەرێ.

## پێکهاتن و لاچوونی دەستەڵاتی مادەکان

### ٦١٢ ساڵ پێش زایین

مادەکان بە یارمەتی بابلییەکان، ئاسوریەکان تێکدەشکێن و نەینەوا پایتەختی ئاسوریەکان دەگرن. ئەو رۆژە مێژوویە بە ناوی نەورۆژ (نەورۆز) دەچیتە نێو مێژووی نەتەوەی کوردەوە. مادەکان ئیمپراتوری خۆیان پێک دێنن کە لە رۆژهەڵاتی ئێرانەوە هەتا رۆژئاوای ئاناتۆلی لە خۆ دەگرت. نزیک بوونەوەی مادەکان لە قەومەکانی دیکەی شاخەکانی زاگرۆس کە پێشتریش لە پێوەندیدا بوون دەبێتە هۆی بنیات نانی فەرهەنگ و زمانێکی پتەو.

شاکانی ماد ئەوانە بوون :

Deiokes/ دیاکۆ ٧٠٠-٦٤٧ پێش زایین

Keyfiribzer /Phraortes/ فرەوەرتیش ٦٤٧-٦٢٥ پێش زایین

Kyaksare / کیاکەسەر[کیاکزار/هوەخشەتەرە] ٦٢٥-٥٨٥ پێش زایین

Keyazdiyak / Astyages[ئاستیاگ] ٥٨٥-٥٠٥ پێش زایین

### ٥٨٥ ساڵ پێش زایین

شەڕی مادەکان لە ئاناتۆلی( Halys –چۆمی Kizilirmak ) دژبە Lyder [لیدییەکان] بەبێ ئاکام کۆتایی دێ! بەدوای ئەودا

پەیمانێکی ئاشتی دەبەسترێ, بەوجۆرەی دەگێردرێتەوە گرتنی خۆرەتاو بۆتە هۆی تەواوبۆنی شەڕەکە!

## ٥٦٠-٥٥٠ ساڵ پێش زایین

شەڕی مادەکان لەسەر Harran دژبە بابلیەکان.

## ٥٥٠ ساڵ پێش زایین

بەهێزبوونی فارسەکان لەژێر فرمانڕوایی کورش, و خەیانەتی سەردارێکی ماد بەنێوی Harpagos [هارپاگ]بە مادەکان، دەبێتە هۆی رووخانی حکومەتی Astyages [ئاستیاک]و هاتنەسەرکاری هەخامەنشیەکان!

کورش دامەزرێنەری سەلالەی هەخامەنشیەکان، کوڕی ماندانا و نەوەی "ئاستیاگ" بووە.

[خیانەتی Harpagos کە بووە هۆی تێکشکانی مادەکان, وەکو سومبلێک بۆ خەیانەت بە نەتەوەی ماد چۆتە ناو مێژووی کوردەوە کە دواتر لە ئەدەبیاتی سیاسی کورد لە سەدەی بیستەمدا بە جاش ناودێر کراون.] (وەرگێڕ)

تەواوی رۆژهەڵاتی نزیک و کوردستانی ئەورۆ دەچێتە ژێر حکومەتی فارسەکانەوە! بەو حالەش مادەکان لە بەرێوەبردنی کار و باری حکومەتی هەخامەنشیەکاندا دەورێکی گەورەو بەرچاویان گێراوە.

بە زاڵ بوونی حکومەتی هەخامەنشی بە سەر ماد دا دەورێکی نوێ لە داگێرکردن و تاڵانکردنی کوردستان دەست پێ دەکا!

## ٤٠١ ساڵ پێش زایین

Xenophon گزنفون سەرداری یۆنانی کاتی لشکرکەشیە
کەی کە لە باشووری کوردستان تێپەردەبێ, دەگێڕێتەوە:

*لە کاتی تێپەربوونی لشکرکەمدا لە ناوەراستی (ناوچۆمان) مێزۆپۆتامیا Mesopotamien وە هەتا دەریای رەش , قەومێک بەنێوی Karduchen (کاردۆخی) هێرشیان بۆ هێنایین کە زیانێکی زۆرمان لێدرا!* نووسراوەکەی Xenophon بۆ روونکردنەوەی مێژووی کوردەکان سەرچاوەیەکی زۆر گرنگە.

## ٣٣١ ساڵ پێش زایین

کاتێ ئەسکەندەر (Alexander der Größe) [ئەسکەندەری مەزن, (Helenisch) هێلێنی]بەسەر فارسەکاندا زاڵ دەبێ, کوردستان دەکەوێتە ژێر دەستی یۆنانییەکان ەوە. وەختایەک ئەسکەندەر لەساڵی ٣٢٣ پێش زایین دەمرێ, حکومەتەکەی چەند بەشی لێ دەبێتەوە و هەریەک سەربەخۆ حکومەت دەکەن کە یەکێک لەوانە مادەکان بوون.

## ٢٣٥ ساڵ پێش زایین

لە ئێران Parther [پارتیەکان/پارتەکان] کە لە باکووری دەریای خەزەرەوە هاتبوون, حکومەتێکی ناوەندی پێک دێنن کە لە کاتێکی زۆر کەمدا زۆربەی ناوچەکە دەکێشێتە ژێر حوکمرانی خۆیانەوە!

**٦٠سالْ پێش زایین**

رۆمییەکان کە لە رۆژئاوادا هێزێکی گەورەیان پێک هێنابوو, تەواوی ناوچە دەخەنە ژێر رکێفی خۆیان. لەو ساڵەوە دروستکردنی کڵۆنییەکان لە رۆژهەڵاتی نزیک لە لایەن رۆمییەکانەوە دەست پێدەکات. رۆمییەکان هەتا داوێنی شاخەکانی زاگرۆس دەگرنە ژێر فەرمانروایی خۆیان.

**٥٠ سالْ پێش زایین تا سالْی ٢٠٠ دوای زایین**

رۆمییەکان و Parther ەکان زۆربەی شەڕەکانیان دەگوێزنەوە ناو خاکی کوردستان و بەوکارە زیانێکی زۆر بە سروشتی کوردستان دەگەێنن. چۆنیەتی و بەردەوامی شەڕەکە کوردەکان ناچار دەکات پەنا بەرن بۆ شاخەکانی کوردستان.

## ساڵی ٢٢٧ دوای زایین

ساسانییەکان Parther ەکان تێکدەشکێن و سەردەمی ساسانییەکان دەست پێ دەکات.

## ساڵی ٣٠٠ دوای زایین

[مانیگەری, مانییایەتی] (Manichäismus)
مانی نەققاش, ئایینی خۆی لە ئێران بڵاودەکاتەوە. ئەو ئایینە نۆیە کە لە تێکرای ئایینەکانی مەسیح, زەردشت و بوودایی پێک هاتبوو,سەرنجی ساسانییەکان بۆلای خۆی رادەکێشی و لاینگرێکی زۆر پیدا دەکا!

## ساڵی ٥٠٠ تا ٧٠٠ دوای زایین

Byzanz[بیزانس] حکومەتی رۆژئاوای رۆمی دەستەڵاتی خۆی هەتا باشووری رۆژئاوی کوردستان بەربڵاودەکاتەوە.

## هێرشی عەرەب و ئیسلام و بەرگریکردنی کوردەکان

### ساڵی ٦٠٠ دوای زایین

بە هۆی فشاری سیاسی و نزامی لە لایەن Konstantinopel(ئیستامبول ئەورۆ) ەوە کلیسای مەسیحیەکان لە کوردستان (ئاسوری و کورد) درزێکی گەورەی تێ دەکەوێ کە لە دواییدا ریگا خۆش دەکا بۆ سەرکەوتنی عەرەبەکان لە کوردستان.

### ساڵی ٦٣٧ دوای زایین

بە رێبەرایەتی خلیفە عومەری ٢ , حکومەتی عەرەبەکان بۆ بڵاوکردنەوەی ئیسلام دەستریژیەکی گەورە دەکەنە سەر ناوچەکە و بەتایبەت کوردستان! زۆربەی کوردەکان و فارسەکانی ئەو سەردەمە ئایینی زەردشتیان هەبوو و عەرەب بەزۆر دەیویست ئیسلامیان بەسەردا بەسەپێنێ . کوردەکان تا ساڵەکانی ٩٠٠ دوای زایینیش دژ بە هێرشی زۆردارانی عەرەب بەرگرییان کردووە و لە حاند ژومارەیەکی زۆر لە هێرشی ئیسلامییەکان کە ناوەندەکەی لە دەمشق بوو، راوەستان بەتایبەت لە کوێستانەکانی باشووری رۆژئاوای کوردستان, لە حالێکدا لە باکووری کوردستان و ناوچە سنوریەکانی لەگەڵ عەرەب, کوردەکان زووتر چووبۆنە ژێر رکێفی ئەوانەوە!

بە ئیسلامی کردنی ناوچەکە لەو سەدەیەدا کارتێکردنێکی زۆری لەسەر فەرهەنگ و نەریتی ولات داناو بەوجورە کۆمەڵگای کوردەواری دوچاری گۆڕان هات و سیستمێکی بەهێزی فئودالی تێیدا پێک هات!

له گه‌ڵ ئه‌وه‌ش که له کوردەواریدا ئاینه‌کانی وه‌ک یه‌زیدی, مسیحی و یه‌هودی هه‌ر مانه‌وه, به‌ڵام ئاینی ئیسلام جێ خۆی له ناو خه‌ڵکیدا کردەوه و بوو به ئاینی رسمی زۆربه‌ی خه‌ڵک !

## ساڵی ٧٠٠ تا ١٠٠٠ دوای زایین

به‌رگری کردنی کوردەکان دژبه **عه‌ره‌ب** و ئیسلام سه‌ره‌ڕای ئه‌وپه‌ری وه‌حشیگه‌ری عه‌ره‌ب و سوپای ئیسلام دژ به کوردەکان هه‌ر درێژه‌ی ده‌بێ! ژماره‌یه‌کی زۆر له به‌رگریه‌کان له‌و کاته رودەدا!

له کوشتاریک که له شازادەنشینی هاکاری روی دا به ئاشکرایی وحشیگه‌ری عه‌ره‌به‌کان وه‌ده‌رکه‌وت: سه‌دها ئینسان به‌درێژایی ٢٥ کیلومتر له به‌ینی مالاتیا(میله‌دی)و موسل به چوارمێخ کێشران!؟؟
به‌شێ له‌و به‌رگری کردنانه‌ی کوردەکان دژ به عه‌ره‌به‌کان ئه‌وانه‌ن:

به‌رگری موسل ساڵی ٦٣٧ دوای زایین
به‌رگری شاره‌زور ساڵی ٦٤٢ دوای زایی
به‌رگری بالاساگان Balasagan ساڵی ٦٤٥ دوای زایین
به‌رگری چاوه‌رشین ساڵی ٦٩٢/٦٥٧ دوای زایین
به‌رگری رۆژهه‌ڵاتی کوردستان ساڵی ٧٠٨ دوای زایین
به‌رگری شاره‌زور ساڵی ٧٤٦/٧٤٤ دوای زایین
به‌رگری ئبوموسلم خوراسانی ساڵی ٧٤٦ دوای زایین
به‌رگری ال موکانا El-Mukanna ساڵی ٧٧٧ دوای زایین
به‌رگری جه‌زیرساڵی٧٩٣ دوای زایین
به‌رگری مازیار ساڵی ٨٣٣ دوای زایین

بەرگری Cafer Bin-Faharces ساڵی ٨٣٣ تا ٨٣٨ دوای زایین
بەرگری یاقوب السەفەر ساڵی ٨٦٧ تا ٨٧٩ دوای زایین
بەرگری سەفەر حەسەن دەسیمی ساڵی ٦٣٧ دوای زایین
بەرگری کارماتی Karmati ساڵانی ٩٠٠ دوای زایین
بەرگری هالبانی ساڵی ٩٠٦ دوای زایین
بەرگری سێدادی ساڵی ٩٥١ دوای زایین

## ساڵی ٧٤٦ تا ٧٥٠ دوای زایین

ئەبو موسلم خراسانی بە هاوکاری عەبباسیەکان دمشق دەگرێ! ئەگرچی ئەو دەیتوانی جێگای خیلیفەکان بگرێتەوە, دوای ماوەیەکی کورت دەکشێتەوە! ئەو چ لە باری سیاسی و چ لە باری فکرییەوە جیاوازی لەگەڵ عەرەبەکاندا هەبوو. دوای ئاڵوگۆرێکی تازە لە ناو سەلالەی عبباسیەکان دەکوژرێ! ئەبو موسلم پایەیەکی بەهێز بوو بۆ بنەمای فکری علی وللایەکانی ئەورۆ!

دەورانی ئەرباب و رعیەتی لە کوردستان دەست پێدەکا.
لەوکاتە بەرگریەکان بە سێ بەش دابەش دەکران:
بەشی یەکەم, بەرگری شازادەکان و زەویدارانی گەورەی کورد
بەشی دووهەم, بەرگری دهقانان و وەرزێرانی کورد
بەشی سێەم, بەرگری دژ بە ئیسلام بۆ گرانەوە و گەیشتن بە ئایینەکانی پێشویان!
Byzantiner ەکان لە سەدەی ٩ وە تا ١٠دژبە عەرەبەکان شەردەکەن.
لەو دەورەیەوە ئاغایی عەرەبەکان لەسەر کوردەکان کەم دەبێتەوە.

## ساڵی ١٠٠٠ دوای زایین

دورەی فئودالی بەهێزتر دەبێ و کوردەکان حەول دەدەن خۆیان لەناو عەبباسیەکان جێ کەنەوە. بەهوی کز بوونی عەرەبەکان بەرگریەکان ئاکامی دەبێ و ژومارەیەک وڵاتی خودموختاری کوردی پێک دێ !

لە ٩٥٠ تا ١٠٩٦ سەلالەی هاسانوید کە تەواوی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستانی گرتبوە بەرخۆی, حکومەتیان کردووە و پاشاکەی بەدر حەسەنوح بووەو زۆر عادل بووە.

لە ٩٥١ تا ١١٦٤ پاشایی شەدادیەکان کە بەشێک لە ئەرمەنستان و ئازەربایجانیشی گرتبوە بەرخۆی و سەر بە سەلجوقەکان بوون،دەستەڵاتی هەبووە.

لە ٩٩٠ تا ١٠٩٦ مروانیەکان لە باکووری کوردستان حکومەتێک دادەنێن کە لە وان ەوە هەتا ریها(ئورفا) دەگرێتەوە، پێ تەختەکەی میافەرقین(سیلوان) دەبێ و گەورەترین حکومەتی ئەوکاتەی کوردستان بووە!

حکومەتی بانو ئاناز لەچیبالCibal (باشووری کوردستان).

حکومەتی رەوندی Rewandi کە تەواوی ئازەربایجانی ئێرانی گرتبووە و پێ تەختەکەی تەورێز بووە.

لەو دەورەیەدا زۆر بە روونی دیاربوو کە کوردستان لەباری ئابوورییە بەرەو هەڵدان دەروا و وەردە وەردە بۆتە ناوەندێکی تیجاری و ئاڵ وگۆڕی شت ومەک. ئابوری پوولی، پەرە دەستێنێ و جگەلەوە لە "چەک" یش {ئەو کاغەزەی کە لە جیاتی پارەی نەغد وەرگیراوە} کەڵکیان وەرگرتووە.

ئەوهەمو پێشکەوتنانەش نەبۆتە هۆی پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ, لە بەر ئەوە لە سەدەی ١١ دا کوردستان دەبێتە میدانی رمبازێنی عوسمانیەکان و مەغوولەکان!

# هێرشی تورکەکان و مەغوولەکان بۆ رۆژهەڵاتی نزیک

## سەدەی ١٠ی پاش زایین

بۆ هەوەڵین جار تورکەکان لە ئاسیای ناوەراستەوە بەرەو رۆژهەڵاتی نزیک دێن. ئایینی ئیسلام دەبێتە ئایینی رەسمی ئەوان و زۆر زوو Schamanismus شامانیسمووس وەلاوەدەنێن!

نەتەوەی تورک لە پێشدا وەکو سەرباز لە ئێران بۆ عەرەبەکان ئیشیان کردووە کە دوای کزبوونی عەبباسیەکان وەردە وەردە خۆدەگرن و نفوزێکی باش پیدادەکەن!

## ناوەراستی سەدەی ١١

سەلجوقیەکان لە جێگای پێشووی خۆیانەوە واتە Transoxanien وە (لە نەوادەی Oghusen لە تورکستانەوە) بەسەر فارسەکان و مێزۆپۆتامیا دا دەگوێزنەوە بۆ ئاناتۆلی.

## ساڵی ١٠٥٥ دوای زایین

(Bujiden) لەشکرکەشی سەلجوقەکان بۆ بەغدا و رزگارکردنی خەلیفەکان لە دەست شیعەکان.
سەلجوقەکان حکومەت بەدەستەوە دەگرن و لەلایەن خەلیفەکان وە پشتیوانی دەکردرێن!

**ساڵی ١٠٧١ دوای زایین**

سەلجوقەکان ەکان  لە شەڕی مالازگرت لە باکووری کوردستان, Byzantiner ەکان تێکدەشکێنن کە ئاڵپ ئەرسەلان سەرکردەکەیان بووە(١٠٦٩-١٠٧٣) و لەو شەڕەدا کوردەکان لاینگری سەلجوقەکانیان کردووە!

**لە ساڵی ١٠٧٥ دوای زایین**

ملک شا(١٠٧٣-١٠٩٢) حکومەتی سەلجوقەکان پێک دێنێ. ئەوە دەبێتە گەورەترین هێزی ناوچە کە مێزۆپۆتامیا و کوردستان و ئاناتۆلیای ناوەراست و ئێران و بەشێکیش لە سوریە دەگرێتە ژێر فرمانروایی خۆی! ئەو هێرشە ناتوانێ لەسەر پێی خۆی راوەستێ و بە هۆی پێکهاتنی ئەیوبیەکان (١١٦٩)وەردە وەردە کز دەبێ ! نێوەراست و ئاخری سەدەی ١٢ دوای بڵاوبوونەوەی سەلجوقەکان, ژمارەیەک حکومەتی بچووک پێک دێن !

**سەدەی ١١ ی زایین**

بابا تاهیر یەکێک لە گرنگترین شاعیرانی سەردەمی خۆی, لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەژی و بەداخەوە بەهوی ئەو هەمووهێرش و سۆتان و بڕینانە زۆربەی کارەهونەرییەکانی لەناودەچێ!

**ساڵی ١١٧٦ دوای زایین**

Byzantiner ەکان لە لایەن سەلجوقەکانەوە تێکدەشکێندرێن و تەواوی ئاناتۆلی دەکەوێتەژێرفەرمانی سەلجوقەکانەوە. لێرەوە بەهۆی گوڵ کردنی ئیسلام بناغەی تورکی کردنی مەنتەقەی ئاناتۆلیا دادەنرێ!

## ساڵی ١١٨٧, ١١٦٩-١٢٥٠ دوای زایین

سەلاح الدینی ئەیوبی لە سەلاڵەی ئەیوبییەکان(١١٦٩-١٢٥٠) بەدوای چەند شەڕێکی مەزندا رۆژی ٢ ئوکتوبری ١١٨٧ ئورشەلیم دەگرێتەوە. حکومەتی ئەیوبییەکان لە میسر ە وە هەتا باشووری کوردستانی گرتۆتە ژێر فەرمانی خۆی. لەکاروباری نیزامی و دەوڵەتیدا کوردەکان وێرای عەرەبەکان ئیشیان بەدەست بووە !

## لە ساڵی ١٢٤٠ دوای زایین

مەغوولەکان خۆ بە رۆژهەڵاتی ناوەراستدادەدەن و بەشێکی گەورەی کوردستان دەگرن و سوتان و کوشتن و وەحشیگەرییەکی زۆر لەخۆ بەجێ دەهێڵن! زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ کورد دەکوژرێن! شارەکانی وەکو بەغدا, کرماشان, هەمەدان و ئامێد(١٢٥٠) تاڵان دەکرێن و دەسوتێندرێن! زۆربەی ئاسەواری مێژوویی بۆ هەمیشە نابوود دەکردرێ ! جگەلەوە سروشتی کوردستانییش دوای هێرشی مەغوولەکان دار و جەنگەڵی دەسوتێندرێ و ئیشک دەکرێ! ناوچە کوردنشینەکان لەلایەن مەغوولەکانەوە بەرێوەدەچێ.

## ناوەراستی سەدەی ١٢ هەتا سەدەی ١٣

زۆربەی شار و شارۆچکەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست دەخرێتە ژێر فەرمانرەوایی مەغوولەکان. لە ژێر فشاری مەغوولەکان بۆ بەشی رۆژئاوا, تورکەکان بەتەواوی خۆیان دەکێشنە نێو ئاناتۆلییەوە و لە زۆربەی ئەو ناوچانە کە زۆربەی خەڵک پێک دەهێنن, دوو دەستەی گەورە بە نێوەکانی Akkoyunlar, Karakoyunlarمەڕی رەش و

مەڕی سپی پێک دێن کە تا سەدەی ١٦ ژمارەیەکی زۆر لە شارەکانی کوردستان و ڕێگەی هاوریشمیش لە ژێر کونترۆڵی ئەواندا دەمێنێتەوە!

**ساڵی ١٢٥٠ دوای زایین**

لە میسر حکومەتی مەملوکەکان پێک دێ کە تا ساڵی ١٥١٧ دەمێننەوە.

**ساڵی ١٣٠٠ دوای زایین**

دوای پاشەکشەی مەغوولەکان لە باکووری ڕۆژئاوای ئاناتۆلیاوا لە بورزا حکومەتی عوسمانی لە لایەن کەسێک بە نێوی عوسمان کە پێشتر لە خەزمەت سەلجوقەکاندا بووە, پێکدێ ! کە دوای ماوەیەکی کەم زۆربەی حکومەتە چکولە تورکیەکان دەچنە ژێر حکومەتی عوسمانەکانەوە. لە ماوەی کەمتر لە دەساڵدا ڕۆژئاوا و ناوەراستی ئاناتۆلی دەکەونە ژێر دەستی عوسمانەکانەوە.

**سەدەی ١٤/١٣**

(Ilchane) سەلاڵەی مەغوولەکان لە ئێران حکومەت دەکەن.

**ساڵی ١٣٧٥ دوای زایین**

شیعر و کارە هونەریەکانی شاعیری کورد فەقی تێران لە کوردستان سەرنجی خەڵکی بۆلای خۆی ڕادەکێشێ!

## ساڵی ١٣٨٩ دوای زایین

عوسمانەکان لەشەڕ لەگەڵ سیربەکان سەرکەوتوو دەبن و بەو جۆرە ریێ خۆیان بۆ ئورۆپا دەکەنەوە.

## ساڵی ١٤٠٠ دوای زایین

حوکمرانی مەغوول تەیموور لە ناوەراستی ئاسیاوە زۆربەی ناوچەکان دەگریێتە ژێر حکومەتی خۆی و تەنانەت حکومەتی عوسمانیش تێک دەچێ! کوشتار و سووتان و بڕینی تەیمووریش دەستکەمێکی نابێ لە هێرەشەکانی سەدەی١٣ !

## ساڵی ١٤٢٠ دوای زایین

بەدوای مردنی تەیموور, عوسمانەکان دەست بە خۆکۆکردنەوە دەکەنەوە و لە ماوەیەکی کەمدا دەگەرێنەوە بۆسەر دەستەڵاتی پێشوویان! تەواوی ئاناتۆلی و یونان و بەشێکی زۆری بالکان لە ساڵەکانی ١٥٠٠ دا دەکەوێتە ژێر حکومەتی عوسمانەکان.
Konstantinopel پێتەختی‌Byzanz لە ساڵی ١٤٥٣ لەلایەن تورکەکانەوە دەگیرترێ و ئەو ناوانە لە مێژوودا دەسڕێنەوە.

## ساڵی ١٤٠٧-١٤٨١ دوای زایین

یەکێک لە ناودارانی ئەدەبیاتی کوردی ملای جەزیری لە بۆتان دێتە سەر ماسەی مێژوو. شیعرەکانی حالەتی سوفی و عورفانی دەبێ و دژاییەتێکی زۆر لەگەڵ سیستمی ئەرباب و رعییەتی دەکا!

## ساڵی ١٤٥٣ دوای زایین

عوسمانەکان بە فەرمانی فاتح سوڵتان محەمەد Konstantinopel داگیردەکەن کە لە دواییدا نێوی ئێستامبولی ئەورۆی لێ دەنێن.

## ساڵی ١٥٠٢ دوای زایین

لە ئێران حکومەتی سەفەویەکان پێک دێ ! کوردستان دەبێتە مەیدانی شەڕی عوسمانیەکان و سەفەویەکان. فارس و تورک پێویستیکی گرینگیان بۆ پشتیوانی خۆیان بە هێزی ئاغاواتی کورد دەبێ ! لەوکارەدا عوسمانەکان لە لایەن ئاغایەکی کورد بە نێوی ئیدریس بتلیسی(وەکو جاش چووتە ناو مێژووی کوردەوە) کە سونی بووە, پشتیوانی کراون . بەشێکی کەمی کوردەکانی شیعەی رۆژهەڵاتی کوردستان، لایەنی سەفەویەکانیان گرتووە. زۆر جاران لەو ماوەیەدا ئیدریس بتلیسی ویستویە دژ بە تورکەکان لایەنی سەفەویەکان بگرێ, بەڵام فارسەکان لەگەڵی ڕێک نەکەوتوون !
لێرەوە ڕێ خۆش دەبێ بۆ پارچە پارچە کردنی کوردستان لە لایەن هێزەکانی بێگانەوە.

## داگیرکردنی کوردستان له لایەن دووهێزی گەورەی عوسمانی و سەفەویەوە

### ساڵی ١٥١٤ دوای زایین

له کوشتاری چالدران دا عوسمانیەکان به یارمەتی کوردەکان, سەفەویەکان تێکدەشکێنن. تەواوی کوردستان دەکەوێته ژێر رکێفی عوسمانی یەکان. کوردە سونیەکان له رێکەوتی ٩,٨,١٥١٥ له سەر کاغەز و بەپێی بڕیارنامه خودموختاری تەواویان پێ دەدرێ و له بەرانبەردا کوردەکان لەکاتی شەڕدا دەبو سەرباز به دەولەتی عوسمانی بدەن و باجێکی کەم برژێنه سەندوقی دەوڵەتەوە. به پێی بڕیارنامەی نێوان کورد و عوسمانی باجی تیجاری نێو کوردستان بۆ کوردەکان خۆیان دەمایەوە,له بەر ئەوەی رێگای بازرگانی هاوریشم به ناو کوردستان دا تێدەپەڕی ئاغاکانی کورد دەبوونه خاوەنی داهاتێکی زۆرباش! ئازادبوونی بازرگانی و ئاسودەکردنی کوردەکان له لایەن حکومەتی ناوەندیەوە ببوە هۆی هەڵدانی ئابوری و فەرهەنگی. ژمارەیەک ئەیالەت وەکو بۆتان, سۆران, هەکاری, بابان, بازید و بیتلیس پێکدێن که گەشەکردنی ئابوری و سیاسی به خۆیانەوە دەبینن. ئەدەبیات, بیناسازی, پیشەگەری دەستی, زانست و بازرگانی پێش دەکەوێ و گەشه دەستێنێ!
هاوزەمان له گەڵ شەڕی ئەو دوو دەولەته, عوسمانیەکان, علی ئوللهی-شیعه کانیان دەکوشت و سەفەویەکانیش سونیەکانیان دەکوشت. یاووز سولتان سەلیمی یەکەم له هێرشێکی که بەسەر کوردستاندا بۆ ئێرانی کرد, له ناوچەی سیواس زیاتر له ٤٠٠٠٠ کوردی علی ئوللهی لەناوبرد !

## سەدەی ١٦/١٧

سەرەڕای گەشەکردنی ئەیالەتەکانی کوردستان, بەرگری وەرزێرانی کورد دوای ساڵەکانی ١٥١٤ و ١٦٣٩ هەم دژبە زۆردارانی عوسمانی لە ناوچە و هەم دژ بە فئودالەکانی کورد بەردەوام بووە و خوینێکی زۆر رژاوە !

## ساڵی ١٥٩٦ دوای زایین

کتێبی مێژوویی شەرەفنامە لەسەر مێژووی کوردستان لە لایەن شەرەفخانەوە شازادەی بیتلیس, کوڕی ئیدریس بتلیسی لەو ساڵەدا دەنووسرێ.

## ساڵی ١٦٣٩ دوای زایین

لە قەراردادی قەسری شیرین(زوحاب) دا کە لە بەینی عوسمانیەکان و سەفەویەکاندا دەبەسرێ, سنوری ئەو دوو دەوڵەتە لە ناو کوردستان دیاری دەکرێ, بەوجورە **بۆ یەکەمین جار بە رەسمی کوردستان دابەش دەکرێ** و ئاواتی بە یەکەوە ژیانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا وەدوادەخسترێ !

## ساڵی ١٦٨٣ دوای زایین

عوسمانیەکان بۆ دووهەمین جار شاری وین(ئوتریش) داگیر دەکەن . لێرەوە دەوڵەتی عوسمانی بەرەو لاوازی دەروا ! لە سەدەی ١٦ و ١٧ دا دەوڵەتی عوسمانی لە ئەلجەزایرەوە تا کێوەکانی زاگرۆس و لە یەمەنەوە تا کریمە (باشووری رووسیە)ی لە ژێر دەستەڵاتی خۆیدا گرتبوو !

لە سەدەی ١٧ و ١٨ وە, زۆربەی کارە ئەدەبیەکان لایەنی ناسیونالیستی بەخۆیانەوە دەگرن!

**ساڵی ١٦٨٧ دوای زایین**

قەسری ئیسحاق پاشا لەوساڵەدا لە بازید(دووبایزید) لە لایەن شازادەی کورد ئیسحاق پاشا وە دروست دەکرێ ! ئەوە یەکێک لە ئاسەواری بیناسازی بەناوبانگی سەردەمی خۆی بووە کە هێمایەک بووە بۆ پێشکەوتوویی فەرهەنگی میللەتی کورد !

**ساڵی ١٦٩٥ دوای زایین**

شاعیری مەزەن ئەحمەد خانی لە ساڵی ١٦٩٥ شاکاری ئەدەبی مەم و زین دەداتە دەرێ . مەم و زین کارێکی ئەدەبی وێنە جیهانییە.

**ساڵی ١٨١٧-١٨٩٧ دوای زایین**

شاعیری نەتەوەیی و شۆرشگێر, حاجی قادری کۆیی بە شیعرەکانی، کوردەکان بۆ راپەرین دژبە هێزەکانی بێگانەو هەروەها دژ بە فئودالیسمی کورد، هان دەدا. خانی کۆیی زۆرداران و دوشمنانی کورد, بە هێزی خەڵکی دەترسێنێ !

**سەدەی ١٨-٢٠**

لە ئێران سەلاڵەی قاجارەکان زیاتر لە ٢٠٠ ساڵ حکومەت دەکەن !

وەختایەک حکومەتی عوسمانی لە نیوەی ئەوڵی سەدەی نۆزدەدا بە هۆی پێشکەوتنی ئوروپا لە باری سەنعەتی و زانستی و تیکنیکی وە هەر وەپاش دەکەوێ, لە باری ماڵی و سیاسییەوە فشارێکی گەورەی دێتە سەر, حکومەتی ترک بۆ ڕاگرتنی خۆی فشارەکە بۆ کوردستان دەگوێزتەوە کە ئەوە بووە هۆی بەرگری کوردەکان دژبە سیاسەتی عوسمانیەکان. ئەوبەرگریانە لە ساڵەکانی ١٨٣٠ و ١٨٨٠ بە ئەوپەڕی خۆی دەگا کە دەکرێ ئەوە بە هەوەڵین جووڵانەوەی ناسیونالیستی بۆ گەیشتن بە کوردستانێکی سەربەخۆ دابنرێ !

## ساڵی ١٨٠٦- دوای زایین

هەوەڵین بەرگری گرینگی سەدەی ١٩ بەرگری بابان ساڵی ١٨٠٦ بە سەرکردایەتی عەبدولرحمان پاشا بووە . ئەو فەرمانڕواییە کە پێتەختەکەی شاری سولیمانی بووە یەکێک لە پێشکەوتوترین وڵاتەکانی باشوور بووە. زۆربەی ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژهەڵات ئازاد کرابوون بەڵام دوای دوو ساڵ لە لایەن هێزی پێکهاتووی عوسمانی-کورد(ئاغاوات) تێک دەشکێندرێن و داگیردەکرێنەوە !

## ساڵی ١٨١٢- دوای زایین

بەرگری بابازادە ئەحمەدپاشا لە موسل.

## ساڵی ١٨٣٠ـ ١٨٣١ دوای زایین

بەرگری یەزیدیەکان لە هاکاری,
بەرگری جزیرە بدریخان لە بۆتان,
بەرگری بیتلیس شەرەفخان لە بیتلیس.

## ساڵی ١٨٣٣ـ ١٨٣٧دوای زایین

میر محەمەد فرمانروای سۆران, کە بۆئەوە دەبوو بەبێتە شای کوردستان هەر دێتەسەرکار, دەستوری سازکردنی کارخانەیەکی ئەسڵەحەسازی دەدا. لەماوەیەکی کەمدا تەواوی باشوری کوردستان تا بۆتان ئازاددەکا. ساڵی ١٨٣٤ عوسمانیەکان شکست دەخۆن. ١٨٣٥ تەواوی رۆژئاوای کوردستان ئازاد دەبێ . فارسەکان ناچنە ژێر باری دانیشتنێک لەگەڵ میر محەمەد دژبە تورکەکان . ١٨٣٦ دیسانیش سوپای عوسمانی لە شەڕلەگەڵ میر محەمەد دا شکست دەخوا.

دوای رشوەدانی عوسمانییەکان بە مەزهەبییەکانی کورد و فتوای ئەوان, میر محەمەد بە ناچاری بۆ دانیشتن لەگەڵ تورکەکان دەچێتە ئیستامبوول . لەو ماوەیەدا تورکەکان تەواوی کوردستان بە ئاور دەکێشن ! ژنراڵێکی ئاڵمانی بە نێوی مۆلتکە Moltke کە وەکو بەرپرسی نیزامی لە لای عوسمانیەکان کاری دەکرد, لە دەفتەری بیرەوەرییەکەیدا نووسیویە کە: *تائەورۆ شەڕی ئاوا وەحشیانە و ناجەوانمەردانەم نەدیوە کە بۆ هەڵسەنگاندن بێ لەگەڵ ئەو شەڕەی کە من لە تورکەکان دژبە کوردەکان بینیم.*

**ساڵی ١٨٣٧- دوای زایین**

بەرگری سینار . دوای تێکشکاندنی ئەو بەرگریە عوسمانیەکان دەست دەکەن بەهەوەڵین دیپورتکردن و گواستنەوەی گشتی !

**ساڵی ١٨٣٩- دوای زایین**

بەرگری گورزووم لە ئامێد.

**ساڵی ١٨٤٣- ١٨٤٦دوای زایین**

بەدرخان فرمانروای بۆتان, ساڵی ١٨٤٣ تەواوی کوردستانی ژێردەستی حکومەتی عوسمانی رزگار دەکا و هەموو حکومەتە بچووکە کوردیەکان دەهێنێتە ژێر حکومەتی خۆی. بەدرخان پێشنیاری پێویستی پێکهاتنی هێزێکی نیزامی گشتی دەکا و داوای وەلانانی هێزەنیزامیەکانی حکومەتە بچووکە کوردیەکان دەکا ! لە ژێر حکومەتی ئەودا مەسیحیەکان ئیجازەی تەبلیغی ئایینی خۆیان دەبێ و خەڵکانی دیکەش مافی یەکسان وەکو کوردەکانیان پێ دەدرێ . حەولی پێکهێنانی کوردستانی سەربەخۆ دەدرێ!

عوسمانیەکان سەرەڕای تەواوی ئەوانە دەتوانن درز بخەنە نێو هێزی بەدرخانەوە و مەسیحیەکان دژبە کودرەکان هان بدەن. یەزدانشیر کە خوشکەزای بەدرخان دەبێ و زیاتر لە نیوەی فەرماندەنیزامیە کوردەکان لەژێر فەرمانی دادەبن، لە لایەن حکومەتی عوسمانیەوە دەکڕدرێن و دژبە بەدرخان رادەوەستن. بەدرخان ساڵی ١٨٤٦ تسلیم دەبێ و ساڵی ١٨٦٨ لە تەبعیددا دەمرێ ! دوای تێکشکانی بەرگری بەدرخان بەشە

ئازادکراوەکانی دیکەی کوردستانیش لە لایەن تورکەکانەوە داگیردەکرێ.

**ساڵی ١٨٤٣- دوای زایین**

بەرگری هاکاری.

**ساڵی ١٨٥٥- ١٨٥٨دوای زایین**

شەڕی رووس و عوسمانی لە باکووری کوردستان برسییەتی و سووتان و کوشتار و بێ سەروسامانی زۆر بۆ کوردان بە دیاری دێنێ.
دووهەم بەرگری بۆتان. کوڕەکانی بەدرخان بۆتان و بادینان سەرلەنوێ ساز دەکەنەوە !

**ساڵی ١٨٥٥- دوای زایین**

یەزدانشیر شەڕی رووس و عوسمانی بەدەرفەت دەزانێ و دەست بە گرتنەوەی کوردستان دەکا . سەرەتای ساڵی ١٨٥٥ وان, ئامێد, سییرت, بیتلیس و موسل دەکەونە ژێر کونترۆڵی ئەو! ئینگلیزیە کان دەیکێشنە سەر میزی مزاکرە, کە دەخرێتە حەبسەوە و بەرگریەکەی سەری بەگۆم دادەچێ !

**ساڵی ١٨٧٧- دوای زایین**

بەرگری بەدرخان عوسمان و حوسین پاسالار لە مێردین و جەزیرە.

## ساڵی ١٨٨٠- ١٨٨٢دوای زایین

بەرگری شێخ عوبەیدوڵا کە بە بەرگری نەهری ش مەنشوورە, لە هاکاری ئاخرین و گەورەترین بەرگری بووە.
شێخ سەرکردەی ئەو بەرگرییەی بەئەستۆ دەبێ کە دژبە ئێران و تورکیە تێکۆشاوە. لەو کاتەدا زۆربەی شەڕەکانی رووسیە و عوسمانی لە باکووری کوردستان رویداوە کە وێرانیەکی زۆری پێکهێناوە ! لە پێشدا عوسمانییەکان بەشێوەی ناراستەوخۆ بەهۆی ئینگلیزەکان لەباری تەقەمەنییەوە یارمەتی کوردەکانیان دەکرد بەڵام دوای کونفرانسێکی مەزنی کوردەکان لە باکووری کوردستان و ئازادکردنی رۆژهەڵاتی کوردستان, وەرەق هەڵگەرایەوە و دوای داوای یارمەتی فارسەکان دەوڵەتی عوسمانی هێرش دەباتە سەر عوبەیدیلا و بەوجۆرە عوسمانییەکان لەیەک کاتدا لە دوو بەرە شەڕ دەکەن! بە نێوانجیگەری ئینگلیزەکان, عوبەیدیلا بۆ دانیشتنێک دەکێشنە ئیستامبوول و لەوی بەدیل دەیگرن و بەرگریەکەی دوایی پێ دێ و لە دورە وڵات سەر دەنێتەوە!
عوبەیدوڵا توانی زیاتر لە ٢٢٠ دەستە و تایەفە و شیخ لەیەک ریزدا دژبە دوشمنانی کورد لە دەوری یەک کۆکاتەوە و هەستی ناسیولیستی لە نێو کورداندا بەهێزتر بکا!
مەسیحیەکان وەکوو ئەرمەنی و نەستۆریان بە هاوکاری لەگەڵ کوردان خەباتیان کردووە !
عوبەیدولا حەولّی دەدا بۆئەوەی لاوان و گەنجەکانی کوردی بۆ ئورۆپا بنێردرێن تا بە عیلّم فێربوون و چێشتنی تامی دیموکراسی بتوانن پشتوانەیەک بۆ داهاتووی کوردستان بن!

## ساڵی ١٨٨٩- دوای زایین

بەرگری بەدرخان ئەمین علی لە ئەرزینگان .

## ساڵی ١٨٩٧- دوای زایین

هەوڵین کومیتەی ناسیونی کورد پێک دێ .

## ساڵی ١٨٩٨- دوای زایین

یەکەمین رۆژنامەی کوردی لە قاهیرە بە نێوی کوردستان لە لایەن میقدات بەدرخان بە کوردی و تورکی دەدرێتەدەرێ کە لە لایەن تورکەکانەوە قەدەغە دەکرێ!

## ساڵی ١٩٠٣- دوای زایین

شاعیری گەورە جگەرخوێن دیتە سەر ماسەی سیاسەت و بۆ رۆژنامەکان لەوانە بۆ هاواردەنووسێ . جگەرخوێن دەرسی مارکسیست- لینینیست دەخوێنێ و ٨ دیوانی شیعری هەیە.

## ساڵی ١٩٠٨- دوای زایین

راپەرینی ترکە لاوەکان . بەڵێنی بە رەسمیەت ناسینی مافی هەموو ئینسانەکان و خەڵکەکان دەدا! بەدوای ئەوەدا ژومارەیەکی زۆر حیزب و دەستەی کوردی بە بەرنامەی ئاشکرای حیزبی وەدەردەکەون و لە ئیستامبول رێکخراوەی کوردی دەست بە کاردەکەنەوە کە لەگەڵ رێکخراوەی ئەرمەنیەکان پێوەندیەکی نزیکیان دەبێ.

## ساڵی ١٩٠٨- ١٩١٠دوای زایین

بۆ بەرنامەدانانی داهاتوی کوردستان کومیتەیەک لە رۆشنبیران و مامۆستایان و هونەرمەندان و... پێک دێ و رۆژنامەیەکی کولتوریش دەدرێتەدەرێ. هەوڵین مەدرەسەی

کوردی لەلایەن رۆشنبیرانی کوردی ئیستامبولەوە دادەمەزرێ!
لە شارەکانی کوردستان کلوبی رۆشنبیران و لاوانی شۆرشگێری کورد پێک دێ و ناوەندی ئەو رێکخراوە نیزامیانە شارەکانی ئامێد, موش, ئەرزرۆم, بیتلیس و موسل بوون . خوێندکاران و رۆشنبیرانی کورد لە ساڵی ١٩١٠ دا ناوەندێکی خوێنکارانی کوردی بە نێوی Hevi پێک دێنن. دانەری ئەو ناوەندە مەمدوح سەلیم خەڵکی وان بووە.

## ساڵی ١٩٠٩- دوای زایین

بە ئاڵوگۆرێکی نوێ لە پەیوەندەی لەگەڵ راپەرینەکەدا وردە وردە رێ بۆ وەرگرتنەوەی ئازادیە کۆمەڵایەتیەکان لە لایەن تورکەکانەوە خۆش دەکرێ و لە خاکەلێوەی ١٩٠٩ بەولاوە, گرویە شوینیستە تورکەکان بە نێوی پاراستنی ناسیونی تورک یەک بە دوای یەکدا ناوەندەکان قەدەغە دەکەن کە بەشێکی زۆر لەو رێکخراونە ناچار دەبن بچنە دەرەوەی وڵات!
لە ١٩٠٩ ەوە ئەو بەرگریانە دژبە تورکە شوینیستەکان رویداوە: بەرگری دەرسیم ١٩٠٩ , بەرگری موسل ١٩٠٩ , بەرگری وەرزێرانی سولیمانی ١٩٠٨ , بەرگری بارزان کە دەبێتە هۆی ئازاد بوونی باشوری کوردستان ١٩١٠ , بەرگری بیتلیس ١٩١٠ .

## ساڵی ١٩١٢- دوای زایین

بەشێک لە ناوەندە کوردیەکان بەدوای ئەو بەرگریانەدا دەست بەکاردەکەنەوە. پێک هاتنی ناوەندی هەڤالانی کوردستان لەو ساڵەدا یەکێک لە ناوەندە گرینگەکان بووە ! ئەو ناوەندە لە دواییدا دەبێتە حیزبی Mucjedad

## ساڵی ١٩١٣- دوای زایین

هیۆای کورد رۆژنامەی رۆژا کورد دەداتەدەرێ کە دوای ماوەیەک ناوەکەی دەبێتە هەیوا کورد . ئەو رۆژنامەیە توانایی خۆی بۆ تەبلیغ لەسەر رفورمێک بۆ پیتە کوردیەکان و بارهێنانی خەڵکی کورد و بەتایبەت گەشەپێدانی هەستی ناسیونالیستی, تەرخان دەکا !

# شەڕی یەکەمی جیهانی و دابەشکردنی کوردستان بۆجاری دووهەم

##ساڵی ١٩١٤- دوای زایین

دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی.
دەوڵەتی عوسمانی وەك لایەنگری ئاڵمانیەکان لە شەڕ دا بەشداری دەکا . عوسمانیەکان دەستپێکردنی ئەوشەڕە نەتەنیا دژبە دوژمنانی دەرەکی، بەڵکو، بەتایبەت دژبە دوژمنانی ناوەوە رادەگەیینن.

## ساڵی ١٩١٤- ١٩١٨ دوای زایین

لەوساڵانەدا دەوڵەتی عوسمانی بەتەواوی هێزی خۆیەوە دژبە کەمینە نەتەوەکان تێدەکۆشێ و یەک بەدوای یەکدا کوشتاریان لێ دەکا و قەلآچۆیان دەکا ! یەکەمین قوربانی ئەوسەردەمە کە وەبەر تیغی تورکەکان کەوتن, پۆنتوس-یونانیەکان بوون، کە لە باشووری ئاناتۆلی و لە کەنارەکانی دەریای رەش دەژیان. زیاتر لە ٣٠٠٠٠٠ پۆنتوسی لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا ناجوانمێرانە بەدەستی تورکەکان دەکوژرێن ! ئەو یونانیانەی کە لەوێش مابوونەوە، لەلایەن ئاتاتورکەوە لەساڵی ١٩١٩ دا یا کوژران و یا دەربەدەر کران .
لە کوشتاری ئەوساڵانەی کە تورکەکان دژبە ئەرمەنیەکان کردیان، زیاتر لە ١,٥ میلیون ئەرمەنی دەکوژرێن .
ژومارەیەکی نزیك بە ٨٠٠٠٠٠ ئەرمەنێش وڵات جێ دەهێڵن و دەتوانن خۆدەرباز بکەن. پێش ئەو شەڕەش، زیاتر لە ٣٠٠٠٠٠ ئەرمەنی لە کوشتاری جۆرواجۆری دیکە دا، بە دەستی تورکەکان تێدادەچن.

**سەبارەت بەو کوشتارە وەحشیانەی ئەوسەردەمە, دەوڵەتی تورکیە تا ئەورۆش بێ دەنگەی لێ کردووە و ددان بەسەر بوونیان دا نانێ و لە ئەوپەری بێ غیرەتیدا بەدرۆی دەزانێ !**

لە زۆربەی ئەوکوشتارانەدا حەمیدی رایتەرای دەستی تێدا بووە و، لە کوشتارێکی دیکەش دژبە مەسیحیە-ئاسۆریەکان، هەر لەو سەردەمە دا، دەیان هەزار کەس کوژراون.
لەو کاتەشدا تورکەکان حەولیانداوە ژومارەی ٧٠٠٠٠٠ کورد بۆ ناحیەی رۆژئاوای وڵات، وەک ماراش راگوێزن, کە دەیان هەزار کوژراویشی لێ دەکەوێتەوە.

## ساڵی ١٩١٦- دوای زایین

Sykes-Picot
هێزە یەکگرتووەکان قەراردادیکی نهێنی لەسەر دابەشکردنی کوردستان و دەوڵەتی عوسمانی دەبەستن. بەپێی ئەوقەرارداده، زۆربەی خاکی کوردستان دەکەوێتە ژێر دەستەلاّتی روسەکانەوە, کە بەهۆی راپەرینی ئوکتوبری رووسیە، هەڵدەوەشێتەوە.

## ٠٨,٠١. ١٩١٨ - دوای زایین

ویلسۆن سەرکۆماری ئامریکا لە خاڵی دوازدەی چاردە خاڵی بەرنامەی خۆیدا، کە وەك پێشنیار پێشکەشی هێزە یەکگرتووەکانی سەردەمی دەکا, داوای سەربەخۆیی بۆ کوردەکان دەکات.

**٣٠,١٠. ١٩١٨ - دوای زایین**

دەوڵەتی عوسمانی مل بۆ ئاگربەسی مۆدرۆس شل دەکا و، ناچار دەکریٚ ئەو وڵاتانەی کە لە ماوەی دەسەلات دا زەوتی کردبوون،بییان داتەوە.
خاکی ئەورۆی عیراق و باشووری کوردستان لەلایەن هێزە ئینگلیزیەکانەوە و، سوریەی ئەورۆ و باشووری رۆژئاوای کوردستانیش لە لایەن هێزە فەرانسەیەکانەوەداگیردەکریٚ.
تەواوی ئاناتۆلی و باکووری کوردستان بەهۆی نەبوونی هێزی دەوڵەتی، دەکەوێتە ژێرکەش و هەوایەکی وەها ئازادەوە، کە مەڵبەندەکە تا ئەورۆژە دیموکراتی وای بە خۆیەوە نەدیبوو.
ناوەندەکان و کومیتە و گرووپەکان دەست دەکەنەوە بە ئورگانیزەکردنی خەڵک و ، ئەمجارە هێزەکانی خۆیان لەسەر خەڵک تەرخان دەکەن و نەک لەسەر ئاغاوات!

**ساڵی ١٩١٨- ١٩١٩دوای زایین**

رۆژنامەی هەفتەیی ژین لە لایەن مەمدوح سەلیم دەدرێتەدەری.

**ئابریلی ١٩١٩**

خۆڕاگریی شێخ مەحمودی بەرزەنجی لە سولەیمانی دژبە ئینگلیسەکان.
شێخ مەحمود جاسوسی لێدەکریٚ و لە دادگایەکی ئینگلیسی دا بە ئیعدام مەحکوم دەبیٚ. دوای ماوەیەک لە حوکمی ئیعدامی

دەبووریَن و رەوانەی هیندوستانی دەکەن! دوای شێخ مەحمود بەرگریەکەشی کوێردەکریتەوە.

**مای ١٩١٩**

سوڵتان محەمەدی چوارم کە لەلایەن مستەفا کەماڵ(ئاتاتورک) ئەم ئەرکەی دەخرێتە سەرشان کە بچێ بۆ کوردستان. (لەسەر داوای هێزە یەکگرتووەکان پاشماوەی نزامیەکانی عوسمانی چەک بکا) ئەو بەو پەساوە و لەسەر سیاسەتی ئاتاتورک، بەجیی چەک کردنی عوسمانیەکان , حەولی ئورگانیزەکردنی بەرگریەک دژبە هێزەکانی پێکهاتووی کوردستان دەدا. ئەو، بە بەڵێنی درۆیین و بە دەلەسەیەکی زۆر، دەتوانێ سەرنجی کوردەکان بۆلای خۆی راکێشێ. لە کۆنگرەی سیواس و ئەرزرۆم, مستەفا کەماڵ(ئاتاتورک) بەڵێنی بە کوردەکان دەدا کە لە دەوڵەتی داهاتوو دا دەولەتی تورک و کورد دادەمەزرێت و، پێکەوە سیاسەتی شەڕی دژبە مەسیحییەکان درێژە پێ دەدەن , هەروها ئاتاتورک دەڵێ: لە بەرابەر ئەوەشدا دەبێ کوردەکان بەشداری شەڕ دژ بە یونانی و فەرانسەیەکان کە وڵاتەکەمانیان داگیرکردوە بەکەن!

**١٩٢٠ .٠٨,١٠**

قەراردادی سێڤەر (سێڤەر)لە بەینی سوڵتان و هێزە یەکگرتووەکان: سەبارەت بە کوردەکان لە خاڵی ٦٢-٦٤ قەولی کوردستانێکی ئۆتۆنۆم دیاری کرا،کومیسیونێکی ئینترناسیونالی دەبوو هەڵی سەنگاندبایە کە ئایا نەتەوەی کورد ئەو ئیمکانەی پێ باشە! هەروەها پێکهێنانی دەوڵەتێکی ئەرمەنیش لە رۆژهەڵاتی دەریای رەش لەسەر دەریاچەی وان دیاری کرا!

١٩٢١,٠٣,٠٦

بەرگری کوردەکان لە کۆچگیری(ڕۆژهەڵاتی سیواس) دژبە حکومەتی تورکی، کە دوای ماوەیەکی کەم کۆتایی پێ دێ ! ئەو بەرگریە لە لایەن کوردەکانی دیکەوە پشتیوانی لێ ناکرێ!

١٩٢١

کۆتایی بنەماڵەی قاجارەکان لەئێران. ڕەزاخان(ڕەزاشای پەهلەوی) لە ساڵی ١٩٢٥ ەوە هێزی خۆی پێک دێنێ!

١٩٢٢

لەژێر فەرمانی ئاتاتورک دا،سوپای تورک بەهاوکاری کوردەکان، ئەرتەشی یونانیەکان ناچار بە پاشەکشێ و جێ هێشتنێکی تەواوی ئاناتولی دەکەن .
دەستپێکردنی سەرهەڵدانی سمکۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان .
ئەوکاتەی کە دەوڵەتی روسیە بەهۆی پەیماننامەیەک لەساڵی ١٩٢٢ سوپای خۆی لە ئێران دەکێشێتە دەرێ, دەوڵەتی ئێران لەشکرێکی مەزن دەنێرێتە سەر سمکۆ و سەرهەڵدانەکەی تێک دەشکێنێ. دوای شەش ساڵ، سمکۆ سەرلەنوێ سەرهەڵدەداتەوە تا کوو لە ساڵی ١٩٣٠ لە ئاکامی وتووێژێکی ساختە دەگەڵ نوێنەرانی تاران دا سەری تێدا دەچێ.

١٩٢٣

خودموختاری کوردی( کۆماری سور)لە ئازەربایجانی روسیە تا ساڵی ١٩٢٩ .

١٩٢٣,٠٧,٢٤

قەراردادی لۆزان: ئەو قەرارداده جیاوازیەکی زۆری لەگەڵ قەراردادی سیڤەر دا هەیه. هێزه یەکگرتووەکان له دانیشتنێکدا لەگەڵ تورکەکان ئەوەیان پێ دەسەلمێندرێ که دەوڵەتی مستەفاکەمال بەرەسمیت بناسرێ . لەو دانیشتنەدا تورکەکان بەنێوی کوردەکان قسه و پێشنیاراتی خۆیان دەردەبڕن و وای دادەنێن که دەوڵەتی تورکی یەکدەسته و ئیدی قسه له سەر میلّلەتێک وەکو کورد پێویست ناکا!! تەنیاقسه لەسەر کەمایەتییه ئایینەکان دەکردرێ و قەولی ئازادبوونی ئەوان دەدرێ .
هەر لەویشدا کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتی تورکیه, عیراق, ئێران و سوریه دابەش دەکەن . **بەوجۆره بۆ دووهەمین جار به رەسمی کوردستان دابەش دەکردرێ.**

١٩٢٣,١٠,٢٩

مستەفاکەمال جمهوری تورکیه پێکدێنێ . له دەسپێکدا ٧٥ کورد بۆ نوێنەرایەتیی پارلەمانی کۆمار دیاری دەکرێن و قسه له جمهوری تورک و کورد دەکردرێ.

## سەرەتای ساڵی ١٩٢٤

چەند مانگ دوای راگەیاندنی جمهوری, تورکەکان فشارێکی سیاسی زۆر بۆ کوردەکان دێنن!
له ئاکامی پاوانکردنی کوردەکان،ڕێی وتن به کوردی یەساغ دەکرێ. *له دەوڵەتی کەمالیسمدا ، کەمه نەتەوەکان له تورکیەدا جێگایان نییه*,[ شووینیستەکان دەڵێن] !

**هەرکەس تورکی ڕەسەن نەبێ, بۆمانەوە و ژیان لە وڵاتی ئێمەدا، تەنیا حەقێکی هەیە ، ئەویش نوکەری و کۆیلایەتیی بەر دەرگای تورکەکانە**!(لە قسە کانی مەحموود عیزەت وەزیرێکی تورکی) .

نوینەرانی کورد لە پەرلماندا یان لە سێدارە دران، یا لە بەندیخانە خزێندران. مەکتەب و کلۆب و ... ە کوردیەکان هەمووی قەدەغە کران !

بە هۆی کردەوەی شووینیستانەی تورکەکان، نائارامێکی زۆر کەوتبووە ناو کوردانەوە کە ئەوە بووە هۆی سەرهەڵدان و بزووتنەوەی یەك لە دوای یەکی کوردەکان، کە هەمویان زۆر بێ بەزەییانە و لە ئەوپەری وەحشیگەری دا وەلآمیان درایەوە .

## ژانڤییەی ١٩٢٥

بەدوای ڕاپرسینێکی گشتی لە کوردستانی باشور، سەبارەت بەمە کە کوردستانی باشور لە گەڵ عێراق بێ یا نا, زۆرایەتییەکی زۆری خەڵک، داوای مافی سەربەخۆییان کرد.
لە ١٩٢٥,١٢,١٦ دا،لە لایەن دەوڵەتە زۆردارەکانەوە، بەپێچەوانەی ویستی خەڵك و بە دژی کورد، بڕیاری دارشتنی دەوڵەتی عێراق دەدرێت و، دەوڵەتی تازەسازکراوی عێراق دەرفەتی بەشکردنی نەوتی موسڵ، بەم تەرتیبە بۆ دەوڵەتانی بێگانەکان شل دەکات کە: ٥٢,٥ لەسەدی بۆ ئینگلیزەکان, ٢١,٢٥ لەسەدی بۆ ئەمریکایەکان و ٢١,٢٥ لەسەدیشی بکەوێتە ژێر دەست و دەسەلآتی فەرانسەویەکانەوە !

## سەرهەڵدانی کوردەکان دژ بە حاشالێکردنی نەتەوەیی و بۆ ئازادی

پێکهاتەی کۆماری تورکەکان لەسەر بناغەی حاشا لێکردن لە بوونی کوردە و، دەوڵەتانی ئێران و ئێراقیش مافی رەوای کوردەکان ژێر پێ دەخەن. ویستی ئیمپریالیستەکان و هێزەکانی دژبە کورد لە دەور و بەری کوردستان دا دەبێتە هۆی تێداچوون و داڕمانی ژمارێکی زۆر لە سەرهەڵدانەکانی نەتەوەی کورد، کە لەو سەروبەند و ساڵانەدا دژبە دوژمنانی کورد دەستی پێکردبوو ! دەوڵەتی تورکیە لە ساڵانی ١٩٢٥ وە هەتا ١٩٤٠ یەک لە نۆی خەڵکی کورد لەنێودەبا.

**١٩٢٥,٠٢,١٤**

سەرهەڵدانێکی گەورە لە باکوری رۆژئاوای کوردستان بە سەرۆکایەتیی شێخ سەعید دەست پێدەکا . ئەو سەرهەڵدانە دەبێتە هۆی ئازادکردنی یەک لە سێی وڵات لە باکوری کوردستان . شاری ئامێد دەکەوێتە بەردەستی هێزی سەرهەڵدانەکە، بەڵام بەهۆی نەبوونی هاوکاریەکی گشتی لەلایەن گروپەکانی دیکەی کوردیەوە، بەتایبەت کشانەوەی عەلەوییەکان لە هێزی بەرگریدا و، لە ئاکامی هێرشی ٨٠٠٠ سەربازی تورک بە پشتیوانی فەرانسەویەکان، لە ئاوریلی ئەو ساڵە دا هێزی ڕاپەڕیو تێکدەشکێ. شێخ سەعید و ٥٢ کەس لە یارانی دەگیرێن و لە ڕێکەوتی ١٩٢٥,٩,٤ دا،لە ئەڵعەزیز لە سێدارە دەدرێن. لە سەرئەنجامی ئەم شۆڕشە و تێکشکانەکەی دا، زیاتر لە ٢٠٠٠٠ کەس دەکوژرێن.

هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی ئەو سەرهەڵدانە، سەرتاسەری باکوری کوردستان وەك شەڕگەی شەڕ ڕادەگەیندرێت و هەر

چەشنە هاموشۆیەك و سەردانی ڕۆژهەڵاتناس و خەڵکی دەرەکی بۆ ئەو مەڵبەندە ڕادەگیرێت.

**١٩٢٥ تا ١٩٢٧**

له مێردین و لەلایەن هاکۆ, سەرهەڵدانەکەی شێخ سەعید درێژەی پێدەدرێ، کە ئەویش دوای سالێک دوایی پێ دێ . زیاتر له ٧٠٠٠٠ کورد له زێد و نیشتمانی خۆیان ناچار به کۆچ دەبن و بەرەو سوورییە دەچن. له سالی ١٩٢٧ دەوڵەتی تورک لێخۆشبوونێکی گشتی بۆ ئەو کوردە ئاوارانە ڕادەگەیەنێت، کە بە دەنگی ئەم بانگەوازەوە ژمارێکی زۆر له ژن و منداڵی دەربەدەر دەگەڕێنەوە، کەچی دەوڵەتی تورکی له ئەوپەری بێشەرمیدا هەمویان کۆمەڵکوژ دەکا. بەپێی بەرواەرد، زیاتر له ٥٠٠٠ کەس دەکوژرێن !

**مای/یولای ١٩٢٦**

یەکەمین سەرهەڵدانی کوێستانی ئارارات و کۆمەڵکوژی خەڵک له لایەن سوپای تورک .

**مای/ئاگوست ١٩٢٦**

بەرگری له موتکی/بیتلیس .

**١٩٢٦,٦,٥**

پێوەلکاندنی ولایەتی موسڵ به خاکی عێراقەوە .

**ئاگوست ١٩٢٧**

پێکهاتنی کونگرەی خۆیبوون لە لبنان .
زۆربەی حیزب و گروپەکانی کە دوای شەری یەکی جیهانی پێکهاتبوون, بەشداری ئەو کونگرەیە دەکەن ! ئامانجیان ئازادکردنی کوردستان لە ریی شەری چەکدارانەوەیە. پێکهێنەری ئەو رێکخراوەیە سلادەت(جەلادەت) علی بەدریخان و دوو براکانی بوون .

**١٩٢٨**

دەستپێکردنی سەرهەڵدانی ئاگری ئارارات، لە لایەن ژنراڵ ئیحسان نوری، کە لە رێکخراوی خۆیبوون دابوو . تا ساڵی ١٩٢٩ ئەو ناوچەیە ئازاد دەبێ و جمهوری ئارارات ئیعلام دەکرێ.

**مای/ئاگوست ١٩٢٦**

سەرهەڵدانی زیلان لە سەرحەد .
ئەو سەرهەڵدانە زۆر وەحشیانە سەرکوت دەکرێ !

**سپتامبری ١٩٣٠**

کۆمەڵکوژی چیای تەندورەک لە بازید !

**١٩٣٠ تا ١٩٣٢**

سەرهەڵدانی ئارارات لە باکوری رۆژئاوای کوردستان، ساڵی ١٩٣٠ دەگاتە ئاستی هەرە بەرزی خۆی. ئێران، کە لە سەرەتاوە خۆی بە دۆستی کوردان نیشان دەدا, رێی بە سوپای تورک دا کە

بێتە نێو خاکەکەی و لەوێوە هێرش بەرێتە سەر کوردان، هەر بەم هۆیەشەوە بوو کە سەرهەڵدانی ناوبراویش بە شێوەیەکی سامناك سەرکوت کرا.
تۆڵەسەندنەوەکە دیسانیش بێ بەزەیانەتر دەبێ و زیاتر لە ١٠٠ روناکبیر لە چومی وان دا دەخنکێندرێن و سەدان گوند بە بومبی سوتێنەر لەناو دەچن، بەڵام سەرەڕای ئەوانە، سەرهەڵدان هەتا ساڵی ١٩٣٢ ، لێرە و لەوێ هەر خۆی ڕادەگرێ.

**١٩٣٠**

بۆ هەڵبژاردنی پارلمانی ئێران، کوردستان بایکوت دەکرێ ! لە سپتامبری ئەوساڵە دا ، لە شاری سلیمانی دا خۆپیشاندانێکی گەورەی قوتابیان و خوێندکاران بەرێوەدەچێ کە داوای مافی سەربەخۆیی دەکردرێ . پەلاماری سوپای عیراق بۆ ئەو خۆپێشاندانە و وەڵامی چەکدارانەی کوردەکان، دەبێتە هۆی کوشتنی ٣٠ کورد و بریندار بوونی سەدان کەس.

**مای ١٩٣٢**

لە ئانکارا قانونی وەدەرنان و و راگواستنی کوردەکان ئەرێ دەکرێ و زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ کورد لە شوێنی خۆیان دەردەکرێن و رادەگوێزرێنە بەشی نێوەراست و رۆژئاوای ئاناتولی. ئامانج لەوکارە ژینۆسایدییە، فەوتاندنی زمانی کوردی و داسەپاندنی کوڵتور و زمانی تورکیە .

**١٩٣٢,١٠,٠٣**

بە رابەرایەتی شێخ ئەحمەد بارزانی برای مەلا مستەفا, سەرهەڵدانی باشوری کوردستان دەست پێدەکا، کە لە لایەن

هێزی فڕۆکەکانی ئینگلیزەوە تێک دەشکێندرێن ! ئینگلیزیەکان مەلا مستەفا و شێخ ئەحمەدی بارزانی دەگرن و لە شاری سلێمانی،لەژێر چاوەدێری خۆیان دا ڕایان دەگرن.
لەوساڵەدا جەلادەت عەلی بەدریخان پیتی زمانی کوردی بە لاتین دەداتەدەرێ کە تا ئەورۆش هەر کەڵکی لێ وەردەگیرترێ!

### ١٩٣٢ تا ١٩٤٥

کامران و جەلادەت عەلی بەدریخان ڕۆژنامەی هاوار لە دەمشق دەدەنە دەرێ !

### ١٩٣٧,٠٧,٠٨

قەراردادی سەعدئاباد لە بەینی تورکیە, ئێران, عێراق و ئەفغانستان دەبەسترێ،کە لەوێدا ئەودەوڵەتانە لەسەرچۆنیەتی بەربەرەکانی دژبە میڵلەتی کورد بە یەك دەگەن.

### ١٩٣٦ تا ١٩٣٨

گەورەترین سەرهەڵدانی ئەو ساڵانە، لە دەرسیم دەبێ. ناوچەی کوێستانی و عەلەوی نشینی دەرسیم لە کاتی پێکهاتنی دەوڵەتی عوسمانیەوە نە ماڵیاتی بە دەوڵەت داوە و نە بۆ پشتیوانی لە شەڕدا یارمەتیی سەربازی بە دەوڵەتی تورکان داوە.
ئەو سەرهەڵدانە لەلایەن کەسێک بە نێوی سەید ڕەزا ـ ی دەرسیمییەوە ڕابەری دەکرێ . لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٦ ئەو سەرهەڵدانە تێکدەشکێ . عەلی شێر و دوکتور نوری دەرسیمی کە لە سەرهەڵدانی کۆچگیری ساڵی ١٩٢١ یشدا بوون, هاوکاری سەید ڕەزا یان لە سەرهەڵدانەکە دا کردوە !

له سه‌ره‌تای ئه‌و ساڵه‌دا شه‌ڕێكی قورس ده‌سپێده‌كا، كه‌ سوپای تورک تووشی زیانێكی زۆر ده‌بێت، به‌ڵام سه‌ره‌ڕای ئه‌مه‌ش، له‌ پایزی ١٩٣٧ دا سه‌ید ره‌زا و هه‌واڵانی به‌دیل ده‌گیرێن و له‌ نوامبری ١٩٣٧ له‌ ئه‌لعه‌زیز له‌ سێداره‌ ده‌درێن. وه‌ختایه‌ک عه‌لی شێر كه‌ دوای سه‌ید ره‌زا سه‌رهه‌ڵدانه‌كه‌ رابه‌ری ده‌كرد , له‌ لایه‌ن جاسوسانه‌وه‌ ده‌كوژرێ و سه‌رهه‌ڵدانه‌كه‌ بێ سه‌رۆك ده‌مێنێته‌وه‌.

ساڵی ١٩٣٨ له‌ ده‌رسیم ـ ی باكوری كوردستان، درنده‌ترین كۆمه‌ڵكوژی به‌ شێوه‌یه‌كی سیستماتیک دژبه‌ كوردان ده‌ست پێده‌كا . ژماره‌ی ٨٠٠٠٠ كورد ده‌كوژرێن . زیاتر له‌ ١٠٠٠٠٠ كه‌س راده‌گوێزرێن . سه‌رهه‌ڵدانی ده‌رسیم له‌ ئاخری ساڵی ١٩٣٨ دا كۆتایی پێ دێ.

## شەڕی دووهەمی جیهانی و کوردستان

دوای تێکشکاندنی بەرگری دەرسیم باکوری کوردستان بەتەواوی دەکەوێتە ژێر کونترۆلی دەوڵەتی تورکیا . دوای کۆمەڵکوژی لە باکوری کوردستان دەورەیەکی تازە بە نێوی کۆمەڵکوژی سپی بۆ تواندنەوەی کورد بە شیوەی سیستماتیک و بە تورک کردن دەست پێ دەکا !

### ساڵی ١٩٣٠

شەڕی دووهەمی جیهانی لە ئوروپا دەست پێدەکا و کوردستان چەند ساڵێک هێمن دەمنێتەوە

### ١٩٣٩ تا ١٩٤٢

پێکهاتنی حیزبی ئازادی ژیانی کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستان . لە پرۆگرامی حیزبیدا داوای مافی چارەنووسی کورد بە دەست خۆی دەکرێ !
لە ساڵی ١٩٤٢ حیزبی ئازادی ژیانی کوردستان تێکدەچێ و لە ١٩٤٢,٠٩,١٦ ژیانەوەی کوردستان(ک.ژ.ک) پێکدێ !
پرۆگرامی سیاسی ئەوان ئاوادەڵێ : ئەوەی دوژمنانی کورد بە زۆر لە کوردیان ساندووە , کوردەکان تەنیا لە رێگای زۆر دەتوانن وەریگرنەوە !

### ١٩٣٩,١٢,٢٦

بە هۆی بومەلەرزەیەک لە باکوری کوردستان ئەرزنجان ٣٢,٣٧٢ کەس گیانی خۆیان لە دەست دەدەن ! ١٣٥٠٠٠ خانوبەرە دەرووخێن !

بۆمەلەرزەکانی دیکەی کوردستان :
١٩٦٦,٠٨,١٩ بۆمەلەرزە لە وارتۆ لای موش کە ٣٠٠٠ کوشتە و ٢٠٠٠٠ ماڵ وێران دەبن !
١٩٧٦,١١,٢٤ بۆمەلەرزە لە وان ٣,٨٣٧ کوشتە و زیاتر لە ١٠٠,٠٠٠ خانواری کورد بێ ماڵ دەمێننەوە !
لەو کاتەدا رۆژنامەیەکی تورکی لە قەولی کۆماندویەکی ئەرتەشیەوە دەنووسێ: لێگەرێن با بمرن , ئەوانە مەگەر کورد نین !
١٩٨٣,١٠,٣٠ بۆمەلەرزە لە ئەرزنجان . ١,٣٣١ کوشتە و هەزاران بریندار .
١٩٩٢,٠٣,١٣ بۆمەلەرزە لە ئەرزنجان . ٦٥٣ کوشتە و هەزاران بریندار و ئاوارە .

**١٩٤٣ تا ١٩٤٥**

مەلامستەفا بارزانی کە لە سولەیمانی لە ژێر چاوەدێریدا دەبێ, هەلێکی بۆ هەڵدەکەوی و دەچێتە شاخەکانی کوردستان و بەرگریەک رێکدەخات کە تا نزیک رۆژهەڵاتی کوردستان تەشەنە دەکات !

**١٩٤٦,٠١,٢٢**

پێکهاتنی یەکەم کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد لە رۆژهەڵاتی کوردستان . مەجلسی کوردی پێکدێ و نوێنەرانی راستەقینەی خەڵکی تێدادەبێ .
سەرۆکی کۆماری کوردستان قازی محەمەد ە و مەلامستەفا بارزانیش وەزیری بەرگری بووە.

کاتێ لە نوامبری ساڵی ١٩٤٦ ئەرتەشی روس کە پارێزگەری کۆماری کوردستان بوو , خۆیان لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەکێشنەدەرێ , لە ١٩٤٦,١٢,١٦ هێزەکانی ئێرانی هێرش دەبەنە سەر کۆماری کوردستان کە هێشتا ساڵێک لە تەمەنی تێپەر نەببو و قازی و هاڤالانی بە دیل دەگرنوو لە رۆژی ٣١ مای ١٩٤٧ لە سێ دارە دەدرێن ! مەلامستەفا و سەدان پێشمەرگە پەنا بۆ شاخەکانی کوردستان دەبەن کە دوای ماوەیەک پەناهەندەی روسیە دەبن و مەلامستەفا چەند ساڵێک لە وێ ژیان بەسەردەبا !

١٩٤٦,٠٨,١٦

١٦ی ئاگوست لە باشوری کوردستان حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکدێ . ئەگەرچی مەلامستەفا بارزانی لە کوردستان نیە, بەوحالەش بە سەرۆکی حیزبی دیموکرات هەڵدەبژێردرێ .
لە دەستپێکی پێکهاتنی ئەو حیزبەوە دو بڕوای جیاوازسەبارەت بە داهاتوی کوردستان لە گۆڕێ دابووە: یەکێ ,داوای برایەتی کورد و عەرەب لە چوارچێوەی عێراقدا دەکا, ئەویدی ,کە وڵامی مەسەلەی کوردستان لە قۆناغێکی گەورەتردا دەبینێ !

**ساڵی ١٩٥٠/ ١٩٥١**

لە گوندەکانی ناوچەی وان کوردەکان لە ماڵی خۆیان دەردەکرێن و بە زۆر رایاندەگوێزن بۆ ناوچەکانی دیکەی تورکیە و لە جێ ئەوان تورکەکانی یوگسلاوی و بولغارستان نیشتەجێ دەکردرێن !

**١٩٥٥,٠٢,٢٣**

یەککگرتنی تورکیە و ئێران و عێراق بۆ سەرکوتکردنی هەر چەشنە جوڵانەوەی کورد و چالاکی نیزامی .

## ساڵی ١٩٥٦

لە باکوری کرمانشا خەڵکی (جوانرۆ) دەکەونە دژایەتی حوکمرانانی تارانەوە. ئەرتەشی ئێران بەهەموو هێزی خۆیەوە و بە پشتیوانی فرۆکەکانیانەوە ئەو ناوچەیە وەبەر پەلاماری خۆیان دەدەن و بە بۆمبارانێکی نامرۆڤانە تەواوی ناوچەکە خاپور دەکەن !
هەر لەوساڵەدا لە کوردستانی سوریە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە رۆشنبیران و وەرزێران و کارگەران پێکدێ . بەرنامەی حیزبیان ناسینی کورد وەکو نەتەوە و رفورمێک لە دەوڵەتدا و دیموکراتی بۆ حکومەتی دمشق دەبێ !
ژومارەیەک لە کاربەدەستانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی سوریە لە ساڵی ١٩٥٩ دەگیرێن . حیزب هەر دەمێنێتەوە بەڵام بەهۆی جیاوازی گەورەی بیروڕای سیاسیەوە دەبنە چەند کوتەوە کە ئیتر هیچ مەترسیەکی وا بۆ حکومەتی سوریە پێک ناهێنن!

## ساڵی ١٩٥٨

تێکرۆخانی مۆنارشی (شاهنشاهی) لە عێراق . قاسم حکومەتی نوی عێراق پێکدێنی و هەلێکی تازە بۆ کوردان دێتەگۆرێ . مەلامستەفا لە روسیەوە دەگەرێتەوە .

## ساڵی ١٩٥٩

لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەی موکریان بەتایبەت مەهاباد و سەردەشت و بانە شەڕێکی چەکدارانە دژ بە رژیمی شای ئێران دەست پێدەکا . مەلامستەفا لایەنی شا دەگرێت ودژبە کوردانی رۆژهەڵات رادەوەستێ!؟؟؟؟؟

١٩٦٠,٠٥,٢٧

لە ٢٧ مای ١٩٦٠ دا لە ژێر فەرمانی ژنرال گوررزڵ کودەتایەکی نیزامی لە تورکیە رودەدا !
ئەو حکومەتە تازەش کوردەکان بەرەسمیەت ناناسێ و بەنێوی کوردجیلوک دژبە دەوڵەتیان دەداتە قەڵەم !

## دەستپێکردنەوەی بەرگری کوردان دوای شەڕی دووهەمی جیهانی

### ساڵی ١٩٦١

دەوڵەتی تازەی عێراق جوڵانەوەی باشوری کوردستان بە جوڵانەوەیەکی جیاوازیخوازانە دەزانێ و بە قەدەغەکردنی رۆژنامە کوردیەکان دژایەتی خۆی سەبارەت بە کوردان دەردەبڕێ!

نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا دەگیرێ , چونکوو لە کۆبوونەوەیەکدا قسەی بۆ قوتابیان و خوێنکارانی زانکۆ کردبوو !! مەلامستەفا بارزانی هێزەکانی دەکشێنێتەوە بۆ بارزان و چیاکانی کوردستان .

### ١٩٦١,٠٩,١١

لە یازدەی سپتامبر شەڕی چەکدارانەی باشوری کوردستان دژبە دەوڵەتی عێراق دەستپێدەکا. کە وردە وردە دەبێتە راپەرینێکی نەتەوەیی کورد بۆ مافی سەربەخۆیی !
دەوڵەتی عێراق دەستدەکا بە بۆمبارانی گوندەکانی کوردستان !

### ١٩٦٢,٠٨,٢٣

حوکمرانانی دەمشق دوای دانانی قانۆنێکی قەڵب سەرژمارێکی زۆر سەیر لە ناوچەی جەزیرە بەرێوەدەبەن و بەرهەمەکەی دەبێتە ئەوە کە ١٢٠٠٠٠ کورد بە خەڵکی بێگانە نێودەبردرێن و ناسنامەی سوریەیان لێ دەستێندرێتەوە !
بۆئەوەی دەوڵەتی سوریە فشاری کوردەکان لەسەر خۆی کەم کاتەوە , پرۆژەیەک دادەرژێ بۆ پێکهێنانی کەمەربەندێکی

عەرەبی ! بەوجۆرە کە تەواوی کوردەکانی کە لە سنوری تورکیە دەژیان راگوێزی بۆ ناوچەیەکی دیاریکراو بە درێژایی ٢٨٠ و پانایی ١٥ کیلۆمتر. جێگای ئەوانیش بە خەڵکی عەرەب پربکاتەوە !

**١٩٦٣,٠٢,٠٨**

لە ٨ی سپتامبر حیزبی بەعس لە عێراق کۆدەتایەک پێکدێنێ دەوڵەتی قاسم دەروخێنێ و خۆی دەستەڵات بە دەستەوە دەگرێ . لە هەوەڵەوە ئاگربەس لەگەڵ کوردان دەکا !

لە مانگی ژوئن ئەرتەشی عێراق هێرش دێنێتە سەر جوڵانەوەی کوردەکان . ئەرتەش و فرۆکەکانی سوریەش بۆ یارمەتی بە عەرەب و دژبە کوردەکان دێنە شەڕەوە !

**مارسی ١٩٦٣**

حیزبی بەعس لە سوریەش بە رابەری میشل ئەفلەق دێتەسەرکار ! بارودۆخی کوردەکان دشوارتر دەبێ .

**١٩٦٤,٠٢,١٠**

لە باشوری کوردستان ئاگربەس لە بەینی کوردەکان و ئەرتەشی عێراق پێکدی . ئەوە دەبێتە هۆی شەڕی فکری لە نێو سیاسەتوانە کانی پارتی دیموکراتی کوردستان مەلا مستەفا و جەلال تاڵبانی و برایم ئەحمەد !

جەلال تاڵبانی و برایم ئەحمەد لەدانیشتنێکدا بەرخنەگرتن لە مەلا مستەفا داوای ئیدارەی سەربەخۆ دەکەن . ئیدارە کونەکە ئینشعابی لێدەبێتەوە و بەهۆی پەلاماری پێشمەرگەکانی بارزانی

هەڵدێن بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان ! جەلال تاڵبانی و پێشمەرگەکانیشی دەگەرێنەوە بۆ ناوچەی سولیمانی لە باشوری کوردستان !

١٩٦٥

بۆ یەکەمین جار بە خەلکەکانی بێگانە ئیجازەی سەفەر بۆ ناوچەکانی باکوری رۆژئاوای کوردستان دەدرێ ! ئەوناوچانە لە ساڵی ١٩٢٥ ەوە بۆ خەلکەکانی بێگانە قەدەغە کرابوو.
پێکهاتنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە تورکیە. ساڵێ دوای ئەوە هەردوک سەرۆکی ئەو حیزبە فایق بوجاق و سەعید ئیلسی بە دەستی سازمانی ئەمنیەتی تورکیە دەکووژرێن !
ساڵی ١٩٧٠ ئینشعابیان تێ دەکەوێ و دوای ئینشعابێکی کە لەساڵی ١٩٧٩, کارلێکەری سیاسی خۆی لە مەیدانی سیاسەتدا لەدەست دەدا و تا ئەورۆش هیچ چالاکیەکی نامێنێ !

١٩٦٧

دامەزرانی قانونی پێراگەیشتنی کولتوری دەبێتە هۆی قەدەغەکردنی ئەدەبیات و موزیکی کوردی لە باکوری رۆژئاوای کوردستان .

١٩٦٨\١٩٦٧

ئینشعاب دەکەوێتە ناو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە. ئەوبەشەی کە بڕوایان بە رزگاری میللەتانی سەراسەری جیهان(لایەنگری چەگوارا) دەبێ, دژایەتی رخنەگرانە دەکەن لە گەڵ ئەو بەشەی کە بە بڕوای ئەوان بۆچوونێکی ناچالاکانەی حیزبی و پەیوەندی زۆر نزیکی لەگەڵ پارتی دیموکراتی

کوردستانی عێراق هەیە کە ئەویش یارمەتیی لە شای ئێران وەردەگرێ ! ئەو بەشە دەگەڕێنەوە بۆ ئێران و شەڕێکی چەکدارانە دژبە رژیمی ئێران دەست پێدەکەن ! کە لە ساڵی ١٩٦٨دا مەلا ئاوارە و سولێمان موعینی و عەبلا موعینی و شەریفزادە بە دەستی ژاندارم و جاشەکانی ئێران لە ژێر فەرماندەهی ویسی دەکوژرێن ! حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق بەشداریەکی چالاکانەیان دژبە بەرگریەکە بە لایەنگری لە شای ئێران لەو شەڕەدا دەبێ !؟؟

١٩٧٠,٠٣,١١

لە ١١ی مارس بە پێی رێکەوتێک کە لە نێوان کوردەکان و دەوڵەتی بەغدا بۆ مافی سەربەخویی پێکدێ, دەبوو ٥ نوێنەری کورد بچێتە ناو پارلمانی عێراقەوە ! ریفورمێک لە وڵات پێک بێ ! پرۆژەی سلامەتی و بارهێنان دروست بکرێ ! لە مەدرەسەکان بە کوردی بخوێندرێ و ئاکادمییەکی عیلمی کوردی پێک بێ !
دوای ماوەی ٢ـ٣ ساڵ دەوڵەتی عێراق ناتوانی و نایەوێ ئەو ویستە بەرحەقانەی کوردەکان بەجێ بێنێ !؟ لەو ساڵانەدا پەیتا پەیتا هێرش و ترۆر کردنی سەرکردەکانی کورد و سیاسەتی بە عەرەب کردنی ناوچە کوردیەکان لە لایەن سەرانی بەغداوە بەرێوە دەچێ !

١٩٧٠

لە سوریە حافز علی ئەسەد دێتە سەر کار .

١٩٧٠

دوکتور سمایل بێشکچی که له ساڵی ١٩٦١ هوه خهریکی شیکردنهوه ولێکۆڵینهوه له سهر مهسهلهی کورد له کوردستانی تورکیه بوو, لهساڵی ١٩٧١ به هۆی ئهو لێکۆڵینهوانه که سهبارهت به کورد کردبوی دهرهجهی پروفسوریهکهی له زانکوی ئانکارا لێ دهستێندرێتهوه!
هەرئەوساڵەش له زیندانی دهخهن ! له ساڵی ١٩٧٤ ئازاد دهکرێ و نووسراوهیهکی زۆر لهسهر مهسهلهی کورد دهداته دهرێ که ههر هەمووی قهدهغه دهکرێ ! له ساڵی ١٩٧٨ هوه دوکتور به هوی ئهو لێکۆڵینهوانه زیاتر له زیندانداندا بووه تا له ئازادی ! ئاخرین محاکمهی له ساڵی ١٩٩٠بڕیاری ٤٥ ساڵی سجن بووه ! که ساڵی ١٩٩٩ ئازاد دهکرێ !

١٩٧١,٠٣,١٢

کودتای دوبارهی ئهرتهشی تورک به رێبهرایهتی ژنرال تاگماک و نیهات ئاریم . حیزب و سازمانه چهپهکان قهدهغه دهکرێن ! ههزاران کهس دهگیرێن و له سجن دهخرێن !

١٩٧٠

دیپۆرت و راگوێستنی ٣٠٠٠ وهرزێری ناوچهی هاکاری له باکوری رۆژئاوای کوردستان بۆ رۆژئاوای ئاناتۆلی !

١٩٧٠

پێکهاتنی ههوهڵین زانکۆی کوردی دوای چوارپارچه کردنی کوردستان(ساڵی ١٩٢٣) له سولیمانی !

## جووڵانەوەی ئازادیخوازی لە کوردستان

### ئاوریلی ١٩٧٢

خوێندەواری کورد عەبدولا ئوجەلان کە لە ئورفا وە هاتبوو , بە هوی ریکخستنی مانگرتن دژبە کوشتنی ماهیر چایان لە زانکۆی ئانکارا بۆ ماوەی حەوت مانگ دەگیرترێ !

### مارسی ١٩٧٣

هەوەڵین کۆبوونەوەی عەبدولا ئوجەلان لە تەک پێنج خوێنکاری کورد لە کوبۆکچوو ی نزیک ئانکارا, بۆ پێکهێنانی رێکخراوەیەک کە لە دواییدا دەبێتە حیزبی کارگەری کوردستان!

### ١٩٧٤

پێکهاتنی حیزبی سوسیالیستی کوردستانی  تورکیە لە ئانکارا . ژومارێک نووسراوە و رۆژنامە بە زمانی کوردی و تورکی دەدەنەدەرێ ! دوای فشارهێنانی رژیم لە ساڵەکانی ١٩٧٨ و کودتای ١٩٨٠, ئەو حیزبە چالاکی خۆی لە تورکیە دوایی پێ دێنێ . زۆربەی ئەوانە رەوانەی ئورووپا دەبن کە ئەورۆ لە ژیر ناوی کۆمکار ئیش دەکەن .

### مارسی ١٩٧٤

لەومانگەدە ا بەغدا قانونێکی یەکلایانە سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی کوردستان دەداتەدەرێ کە مافێکی زۆر کەمتری بۆکوردان

تێدادەبێ لەوەی کە لە ساڵی ١٩٧٠ دیاری کرابوو ! کوردەکان ئەوە ڕەددەکەنەوە و شەڕ قورستردەبێ و دەوڵەتی عێراق بە ئەوپەری درەندەییەوە هێرش دەباتە سەر ناوچە کوردیەکان, کە دەبێتە هوی ئاوارە بوونی سەدان هەزار کورد کە زۆربەیان پەنا بۆ ئێران دەبەن !

١٩٧٤,٠٤,٣٠

لەدار دانی لەیلا قاسم (نۆزدە ساڵە) و چوار خوێندکاری کوردی دی, دوای شکەنجە و ئازارێکی یەکجار زۆر لە سەر بە ڕەوا زانین و پشتیوانی ئەوان لە شەڕی چەکدارانەی باشوری کوردستان !

١٩٧٥

بەینی دوو شاری کوردنشینی ئامودا و دەریک لە باشوری ڕۆژئاوای کوردستان (بەشی سوریە) ٤٠ گوندی نوێ دورست دەکردرێن و ٧٠٠٠ بنەماڵەی عەرەب دەخزێندرێتە ناو گوندەکانەوە و هەمووش چەکدار دەکردرێن ! لە ساڵی ١٩٦٨ ەوە زیاتر لە ٣٠٠٠٠ کورد بە ناچار زێدی خۆیان بە جێ دەهێڵن و لە لبنان وناوچەکانی ناوەوەی سوریە حەول بۆ ژینێکی نوێ دەدەن !

١٩٧٥,٠٣,٠٥

قەراردادی ئەلجەزیرە لە بەینی ئێران و عێراق و هێرشی نامرۆڤانەی عێراق لە ٨ی مارس و تێکشکانی هێزەکانی بارزانی .

١٩٧٥,٠٦,٠١

لەو رۆژەدا لە برلین/دالیم یەکیەتی نیشتمانی کوردستان پێکدێ. سەرۆکی ئەو حیزبە تا ئەورۆش جەلال تاڵەبانییە.

١٩٧٥

بە درێژایی سنوری ئێران و تورکیە و بە پانایی ٢٠ کیلۆمتر بۆ نێو خاکی کوردستانی باشوور تەواوی گوندەکان رادەگوێزرێن و چۆڵ دەکرێن !

١٩٧٨

مەلامستەفا بارزانی بەهۆی نەخۆشی سەرەتان دەچێ بۆ ئامریکا و لە ساڵی ١٩٧٩ لەوێ دەمرێ . دوای مەلامستەفا کوڕەکانی ئیدریس و مەسعود رابەری حیزب بە ئەستۆ دەگرن کە دوای مردنی ئیدریس لە ساڵی ١٩٨٧, مەسعود دەبێتە سەرۆکی حیزب .
لە ١٩٨٧,١١,٢٧ لە گوندی فیس ی دیاربەکر حیزبی کارگەری کوردستان(پ.ک.ک.) پێکدێ.

١٩٧٨,١٢,٢٣

کوشتاری کوردی عەلی الاهی لە لایەن تورکەفاشیستەکان (گورگە بۆرە)کانەوە. ئەو فاشیستانە لەلایەن سازمانی ئەمنیەتی تورکیەوە پشتیوانی دەکران ! زیاتر لە ١٠٠٠ کەس دەکوژرێن !

**١٩٧٩**

ڕاپەرینی خەڵکانی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان دەبێتە هۆی گەشەپەیداکردنی بزوتنەوەی ئازادیخوازی لە رۆژهەڵاتی کوردستان .
لە فوریەی ئەوساڵەدا حکومەتی شای ئێران دەرۆخی . خومەینی و داورودەستەکەی دێنەسەرکار ! کوردەکان بەو هیۆیەا بوون لە ژێر حکومەتی مەلایاندا مافی رەوای خۆیان پێ بدرێ ! تا ئەوکاتەی خومەینی هاتە سەرکار, کوردان بەتەواوی هێزەوە پشتیوانیان لە جوڵانەوەی سەرانسەری ئێران کرد.
ئەوکاتەی خومەینی دەوڵەتی ئێرانی خستە ژێر فەرمان, هەموو قەول و قەرارەکانی سەبارەت بە میللەتی کورد لە بیربردەوە و دەستوری هێرشی بۆ سەر کوردستان بەرێوەبرد کە بووە هۆی کوژرانی دەیان هەزار کەس !

**١٨ ـ ٢٢.مارسی١٩٧٩**

سەربازە بەکرێگیراوەکان لە شاری سنە دەستریژێ دەکەنە سەر خەڵک کە بۆ جێژنی نەورۆز و بۆ ئازادی خۆپێشاندنیان دەکرد, لەو هێرشەدا ١٧٨ کەس دەکوژرێن !

**١٩٧٩,٠٨,١٧**

خومەینی کوردەکانی رۆژهەڵات دژبە راپەرینی ئێران و ئیسلام نێودەبا و فەرمانی جیهادی دژی کورد رادەگەێنێ و کوشتاری بەکۆمەڵ لە کوردستانی رۆژهەڵات دەست پێ دەکا !

**١٩٧٩,٠٨,٢٣**

ئەرتەشی ئێران دەست دەکا بە بومبارانی شارەکانی کوردستان . لە ٢٣ ی ئاگوست سەقز , ١ ی سپتامبر بۆکان , ٢ ی سپتامبر خانێ , ٣ ی سپتامبر سابلاخ و ٦ ی سپتامبر سەردەشت دەکەونە ژێر پەلاماری هێزەکانی خومەینی !

**٢ و ٣ ی دسامبری ١٩٧٩**

لە ئێران و لە مەجلسی ئیسلامی ئایینی شیعە بە ئایینی رەسمی ئێران دادەندرێ !

**١٩٨٠,٠٩,١٢**

لە تورکیە بۆ جاری سێهەم کۆدتا دەکرێت ! ئەو کۆدتایە لە لایەن ناتۆ و ئامریکاوە پشتیوانی لێ دەکرێ ! ئەو دەوڵەتە تازەیەش تەواوی هێزی خۆی دژ بە بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان و دژبە چەپەکان و کومنیستەکان بەکاردێنێ و ژومارێکی زۆر لە بەدیلگیراوانی سیاسی دەکوژرێن !
پ.ک.ک. هێزەکانی خۆیان لە باکووری کوردستانەوە بۆ لبنان رادەگوێزن و هەموو گروپەکان و حیزبەکانی کەش بۆ دەرەوەی وڵات و بەتایبەت بۆ ئوروپا پاڵ پێوەدەندرێن!

**١٩٨٠,٠٩,٢٢ تا ١٩٨٨,٠٧,١٨**

دەستپێکردنی شەری ئێران و عێراق کە ئەو شەڕە تەواوی کوردستانیش دەگرێتەوە .

١٩٨١

دژایيەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان دەبێتە هۆی شەڕی چەکدارانە لە نێوانیاندا و پێشمەرگەیەکی زۆر لە هەر دوو لا شەهید دەکرێن!؟

١٩٨٢,٠٣,٢١

مەزلوم دوگان ئەندامی پ.ک.ک. لە سجنی ئامێد دژبە ئەشکەنجە و سیاسەتی تورکیە سەبارەت بە کوردان, خۆی دەسووتێنێ !

١٩٨٢,٠٥,١٧

فەرهاد کولتای , ئەشرەف ئانیک , مەحمود زەنگین و نەسمی ئونەر یش هەر دژبە سیاسەتی تورکیە لەو رۆژەدا لە سجنی ئامێد خۆدەسووتێنن ! ئەو رۆژە بە نێوی شەوی چواران ناودێر کراوە!

١٩٨٣

پێکهاتنی کومەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کە لە ساڵی ٧٠ کانەوە بە شێوەی تاکە کەس و چەکدارانە دژبە رژیمی ئێران شورشیان کردووە .
ئەرتەشی ئێران و حیزبی دیموکراتی عیراق بە دووقۆڵی حاجی عومران لە باشووری کوردستان ئازاد دەکەن .

**١٩٨٥**

دەوڵەتی تورکیە پرۆژەیەک بەنێوی پارێزگاری گوندەکان لە کوردستانی باکوور دەست پێدەکا کە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ئاغاکانی ناوچەکانی کوردنشین چەکداردەکا !

**١٩٨٧**

دەست پێکردنی ئەنفالەکانی رژیمی بەغدا دژبە کوردان . لە ئەنجامی ٨ ئەنفالدا بە بەکارهێنانی گازی عەسەبی و چەکی قەدەغەکراو زیاتر لە ١٨٠٠٠٠ کەس دەکوژرێن و یا رادەگوێزرێن و سەدان گوند چۆڵ و وێران دەکرێن !!

**١٩٨٨/٣/١٦**

بومبارانی شیمیایی شاری هەڵەبجە لە لایەن رژیمی بەعسی عێراقەوە کە دەبێتە هۆی کوژرانی زیاترلە ٥٠٠٠ کەس کە زۆربەیان ژن و منداڵ و پیرساڵ بوون !

www.bokan.de
www.rojhalat.de
www.mukerian.com
redaktion@rojhalat.de